دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٤٧، پێنجشەممە، ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٣، ١٩ی فێورییەی ٢٠١٥، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

**نووسینگەی سەرکۆماری فەرانسە لە نامەیەکدا سپاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکات**

**بێرنارد هێنری لێڤی نووسەر و بیرمەندی فەڕانسە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی کرد**

**ڕاگەیەنراوی یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک**

لاپەڕە ٢



٣٦ ساڵ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ٤



یەکگرتنەوە لەسەر خاڵە سیاسییەکانی کۆنگرەی ١٣ ... ٥



شۆڕشی یەمەن لە قەفەسی کوودەتای حووسییەکاندا ٦



خەتەنەکردنی کچان ٨

# داعشی ناوکیی تاران بەرەو هەڵدێر دەڕوات



«هیو شڵتۆن»، بەرپرسی پێشووی لێژنەی هاوبەشی هێزە چەکدارەکانی ئامریکا، لە وتووێژێکدا لەگەڵ تەلەویزیۆنی بلوومبێرگ ڕایگەیاند کە: «ڕێژیمی ئێران بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ وەك زڕباوکی داعش جووڵاوەتەوە و ئەو کردەوانەی کە ڕێژیمی ئێران لە نێوخۆی وڵاتەکەی ئەنجامی دەدا، هەر ئەو کارەیە کە گرووپی تیرۆریستی داعش لە دژی جیهانی دەرەوە لە ئێستادا ئەنجامی دەدا».

ژنێراڵ هیو شڵتۆن، هەروەها وتی: «داعش لە حاڵی پەرەسەندندایە و ئێمە بە شوێن ڕەگە سەرەکییەکەی ئەم دیاردەوەین و دووپاتی دەکەمەوە کە ڕەگی سەرەکی هەر ڕێژیمی ئێرانە».

ژنێراڵ هیو هەروەها چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە وتووێژێکدا لەگەڵ فاکس نیوز ڕایگەیاند کە گرووپی تیرۆریستی داعش ئامانجەکانی ڕێژیمی ئێران لە عێراق بەرەو پێش دەبات.

لەم پێوەندیەدا، جان مەك کین، بەرپرسی کومیتەی هێزە چەکدارەکانی ئامریکا لە سەنای ئەم وڵاتە وێڕای ڕەخنەی توند لە ڕێژیمی ئێران، ئەم ڕێژیمەی بە پێکۆڵێکی ژئۆپولتیك وەسف کرد.

رودی جولیانی، شارەداری پێشووی نیویۆرکیش لە کۆنفرانسێکدا لە پاریس وتی، تێکدانی سەقامگیری و تەناهی ناوچە، فاشیزمی دینی و هەوڵدان بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی، ڕێژیمی ئێرانی لە داعش مەترسیدارتر کردووە.

لە لایەکی دیکەوە، ئەشتۆن کارتر، وەزیری نوێی بەرگری ئامریکا لە دانیشتنێك لەگەڵ کومیتەی سەنا کە بە بەرپرسایەتی جان مەك کەین بەڕێوەچوو، ڕایگەیاند کە دوو هەڕەشەی مەترسیدار بۆ سەر ئامریکا لە هەولومەرجی ئێستادا، ڕێژیمی ئێران و گرووپی تیرۆریستی داعشن.

هەروەها بە پێی ڕاپۆرتی ڕۆیتەرز، هێکتۆر تیمەرمەن، وەزیری دەرەوەی ئارژانتین ڕۆژی سێشەممە ٢٨ی ڕێبەندان لە نامەیەك بۆ جان کێری، هاوتای ئامریکایی خۆی خوازیاری هێنانەبەرباسی دۆسیەی ڕووداوی تیرۆریستی ساڵی ١٩٩٤ لە ناوەندی جوولەکەکانی ئارژانتین ( دۆسیەی ئامیا ) لە چوارچێوەی وتووێژە ناوکییەکان لەگەڵ ئێراندا بوو.

لە وەها هەلومەرجێکدا و بە شوێن دانانی گەمارۆی نوێی یەکییەتی ئۆرووپا لەسەر بەشێك لە دامەزراوە و کۆمپانیاکانی ڕێژیم بە تایبەت شیرکەتی میللی هەناردە کردنی نەوت، خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی ڕێبەندان لە لێدوانێکیدا وێڕای دەربڕینی بێ هیوایی لە ئاکامی وتوێژە ناوکییەکان لەگەڵ گرووپی ٥ +١ وتی: «ئەگەر پرسی ناوکی هەر بەو شێوە کە ئەوان دەیڵێن بەرەو پێش بڕوات، دیسان گەمارۆکان هەڵناگرن، چوونکە ئەوان لەگەڵ ئەسڵی شۆڕش دژایەتی دەکەن».

ڕێبەری ڕێژیمی ئێران هەروەها وێڕای دەربڕینی ترسی خۆی لە گەمارۆ نەوتییەکان، داوای کرد کە پشت بە داهاتە نەوتییەکان نەبەستن و وتوویەتی کە دەبێ داهاتی باج جێگەی داهاتی نەوت بگرێتەوە.

## پەیڤ

ناهید حسێنی

هیچ نەتەوەیەك و هیچ کولتوورێك بە بێ فاکتەرە سەرەکییەکانی شوناسی خۆی بە زیندوویی نامێنێتەوە و کەم نین ئەو کولتوور و نەتەوانەی کە بە هۆی نەمان و سڕینەوەی فاکتەرەکانی پێکهێنەری شوناس و بوونیان، بۆخۆشیان بە درێژایی مێژوو سڕدراونەتەوە و تەنانەت ناوێکیشیان لێ نەماوەتەوە. ڕێکخراوی یونێسکۆ وەکوو گرینگترین ڕێکخراوی کولتووریی جیهان، لەو پەیوەندییەدا ڕایگەیاندووە کە لە کۆی شەش هەزار و حەوت سەد زبانی دونیا، نزیك بە نیوەی خەریکە لەناو دەچێت و دەفەوتێت و هەربۆیەش ئەو ڕێکخراوە و دیکەی ڕێکخراوەکانی هاوشێوەی، خوازیاری پاراستن و زیندوو کردنەوەی زبانی دایکیی نەتەوەکان لە هەموو دونیادا و هەر لەو ڕاستایەشدا و بە گرینگی‌دان بەو ئاریشە جیهانیە، ڕۆژی ٢١ی فێڤرییەیان وەکوو «ڕۆژی جیهانیی زبانی دایك»ناوزەد کردووە.

زبانی دایکی واتە ئەو زبانەی کە منداڵ پاش لەدایك بوونی وەکوو یەکەم زبان گوێ‌بیستی دەبێت و قسەی پێدەکات و لە ڕێی ئەو زبانەوە لەگەڵ بنەماڵە و کۆمەڵگەکەیدا پەیوەندی دەگرێت. مانەوە و پەرەسەندن و گەشەکردنی هەر زمانێکیش هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە ئەرکی سەرشانی دەسەڵات و حکومەتە، ئەرکێکی گرینگ و بەرپرسایەتییەکی مەزنی بنەماڵەش بە ئەژمار دێت. زبان بە هۆی ئەوەیکە کەرەستەی گواستنەوەی ئاخافتن، فێرکاری و گەشە و نەشەی کولتوورە، یەکێکە لە گرینگترین فاکتەرەکانی کولتوور و شوناسی نەتەوەیی. ئەدەبی زارەکیی ئێمە و گواستنەوەی سینگ بە سینگی مێژوو و کولتوور و داب و نەریت و بەها نەتەوەییەکانمان و درووست کردنی پردی پەیوەندی لە نێوان ڕابردوو و ئێستا و داهاتووماندا هەموو لە ڕێی زبانەوە مسۆگەر بووە و دەبێت و ڕادەی گواستنەوەی ئەو بەهاگەلە، دەرخەری دەوڵەمەند بوونی زبانی و دەروەستبوونی نەتەوەیی ئێمە وەکوو نەتەوەی کورد بووە. نەتەوەی کورد هەتا ئەمڕۆ سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی دەسەڵاتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکانی حاکم بەسەر ئاو وخاکیدا، بە هۆشیارییەوە لەگەڵ ئەم بابەتە هەڵسوکەوتی کردووە. ئەگەر ئاوڕێك لە هەوڵەکانی دەسەڵاتە زاڵەکان بەسەر نیشتمانی کورداندا بدەینەوە، مانەوە و گەشەسەندنی زبان و کولتووری کوردەواری دەرئەنجامی خەباتێکی درێژخایەن و شێلگیرانەی ئەم نەتەوە غەدرلێکراوە بووە بۆ مانەوە و پاراستنی بەها نەتەوەییەکانی. خەباتێك کە قوربانی

درێژەی لە لاپەڕە ٢

## ئەمریکا و تورکیە لە سەر ڕاهێنان و تەیار کردنی دژبەرانی سووریە ڕێککەوتن

کاربەدەستانی ئەمریکا و تورکیە ڕایانگەیاندووە کە ئەم دوو وڵاتە لە ئەنجامدا لەسەر ڕاهێنان و تەیار کردنی دژبەرانی پارێزکاری سووریە ڕێککەوتوون و بڕیارە بەزوویی ئەم ڕێککەوتنامەیە بۆ جێبەجێ کردنی واژۆ بکرێت.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێریی ڕۆیتەرز، بڕیارە ئەمریکییەکان ٤٠٠کەس لە هێزەکانی خۆیان، بۆ وێنە هێزی ئۆپراسیۆنە تایبەتییەکان بۆ ڕاهێنانی دژبەرانی سووری بۆ ناوچەکە بەڕێ بکەن. ئەم هێزانە بە وتەی کاربەدەستانی سەربازیی ئەمریکا لە شوێنگەلێ لە دەرەوەی سووریە جێگیر دەبن تا بەشێك لە شەڕ بۆ سەر تیرۆریستەکانی «دەوڵەتی ئیسلامی»یش بەرەوپێش ببەن.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، پلانی ڕاهێنانی دژبەرانی سووری لە نیوەی مانگی مارسەوە دەست پێدەکات. ئەو دەستە لە دژبەرانی سووری کە لە لایەن ئەمریکاوە وەردەگیردرێن، تەیار دەبن بە بارهەڵگری قورسی تەیار بە چەکە ئۆتۆماتیکەکان و جگە لەمە، کەرەستەی شوێنهەڵگرتنەوە و بێ سیمی پێوەندی کردنیش وەردەگرن.

ڕۆژنامەی «واڵ ئێستریت ژوورناڵ» ڕۆژی سێشەممە لە ڕاپۆرتەکەیدا باسی کردووە کە کەرەستەی شوێنهەڵگرتنەوە (Gps) و بێ سیم دەتوانێ ئەو دەرفەتە بە دژبەرانی سووری بدات کە داوای یارمەتی، پاڵپشتی و هێرش بۆسەر بنکەکانی دوژمن لە هێزە ئاسمانییەکان بکەن.

لەم پێوەندییەدا مەولوود چاووش ئۆغڵوو، وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیە وتی: «دانووستانەکان لەگەڵ ئەمریکادا بە ئاکام گەیشتووە و ڕێککەوتنامەیەکیش لەم پێوەندییەدا لە ڕۆژانی داهاتوودا واژۆ دەکرێت تا پرسی ڕاهێنانی سوپای ئازادی سووریە یەکلایی بکرێتەوە.»

## ئێران شەڕکەرە ئەفغانییەکان دەنێرێتە شەڕی سووریە

تۆڕی هەواڵی سی ئێن ئێن بە پێی ڤیدیۆییەك کە دژبەرانی سووری بڵاویان کردوەتەوە ڕایگەیاند کە ئێران گرووپێك لە ئەفغانییە موچەخۆرەکانی لە ئێراندا لە باری سەربازییەوە پەروەردە کردووە و بۆ بەرگری لە بەشار ئەسەد و شەڕ لەگەڵ دژبەرانی ڕێژیمی سووریە ڕەوانەی ئەم وڵاتەی کردوون.

ئەم ڤیدیۆیە دیلێك نیشان دەدا کە لە دوای هێرشی دژبەرەکان لە ژێر وێرانەکاندا ماوەتەوە و پاشان ئەیهێننە دەرێ. ئەو کە زمانی عەرەبی نازانێ، لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا بە زمانی دەری دەڵێت کە ئەفغانییە و ناوی سەید ئەحمەد حوسێنییە.

ئەو دەڵێت کە سەر بە ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرە ئەفغانییەکانە کە لە دوای شەڕەکانی ئەفغانستان هەڵاتوون و لە ئێران ماونەتەوە. ئەو دەڵێت لە ئێراندا لە باری سەربازییەوە ڕاهێنانیان پێ کراوە و لە کۆماری ئیسلامیی ئێران مانگانە بڕی ٥٠٠ دۆلار یارمەتی وەردەگرێ و بۆ بەرگری لە ڕێژیمی بەشار ئەسەد نێردراوەتە سووریە.

سی ئێن ئێن هەواڵنێرێکی وێنەگریشی ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستان کردووە و ڕاپۆرتێکی لەم پێوەندییەدا کە چلۆن ڕێژیمی ئێران ئەفغانییەکان ڕەوانەی شەڕی سووریە دەکات ئامادە کردووە.

لەم ڕاپۆرتەدا چوار پیاو لە یەکێك لە گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستان دەڵێن بۆ تاڵبان شەڕیان کردووە و ئێستا پاش ڕاهێنانی سەربازی لە ئێران بەرەو سووریە دەچن و هەرکامیان بڕی ٥٠٠ تا ١٠٠٠ دۆلار لە ئێران مەعاش وەردەگرن.

## بێرنارد هێنری لێڤی نووسەر و بیرمەندی فەڕانسە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی کرد

ڕێکەوتی ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، بێرنارد هێنری لێڤی نووسەر، بیرمەند و فیلسووفی وڵاتی فەڕانسە لە گەڵ هەئیەتێکی هاوڕێی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی بەڕێز «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازییان لێکرا. سەرەتا هێنری لێڤی، باسێکی کورتی سەبارەت بە مەبەستی سەردانەکەیان بۆ لای حیزبی دێموکرات کرد و لە سەر بارودۆخی کوردستان و شەڕی ڕێکخراوی تێرۆریستی داعش و ئەو ئاڵوگۆڕانە کە بەو هۆیەوە هاتوونەتە پێش ڕوانگەی خۆیانی باس کرد و پاشان چەندین پرسیاریان لە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات کرد. پاشان بەڕێز مستەفا هیجری، وێڕای خۆشحاڵی لە دیداری شاندی میوان، زۆر بە وردی لێکدانەوە و سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی لە سەر مەسەلە سیاسییەکان بۆ شاندی میوان شی کردەوە و وڵامی پرسیارەکانی دایەوە.



## نووسینگەی سەرکۆماری فەرانسە لە نامەیەکدا سپاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکات

بەڕێز مستەفا هێجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

جەنابی سکرتێری گشتیی

دوابەدوای ئەو ڕووداوە تراژیکانەی کە لە ڕۆژانی ٧ و ٨ و ٩ی ژانویەدا ڕوویانـدا و فـەرانسـەی تووشی ماتەمگێڕییەکی گشتیی کرد، جەنابی سەرۆك کۆمار ئەرکداری کردین کە لە بەڕێزتان لە مەڕ دەربڕینی پشتیوانیتان لەو بەها دێموکراتیکانەی کە هەوێنی یەکگرتوویی فەرانسەییەکانە، لە کانی دڵمانەوە سپاستان بکەین. ئەو ڕێپێوانە جەماوەرییەی کە لە ڕۆژی ١١ی ژانویە هەموو ئەو کەسانەی کە خوازیار بوون و هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە



سەرۆك و کاربەدەستانی دەوڵەتەکانی لە سەرانسەری جیهان لە دەوری یەك کۆکردەوە، جەختکردنەوەیەکی دووبارە بوو لە سەر ئۆگریی ئێمە بە بەهاکانی ئـازادی، ڕەوایـەتـی و پلۆرالیزم کە فەرانسە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا داکۆکیکاریانە.لە بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ وەحشیگەری و تاریك ئەندێشی، یەکیەتیی نـەتـەوەیـی ئێمە هێـز و توانامانە.ئێمە خاوەنی ئیرادەیەکی پتەوین.جەنابی سکرتێری گشتیی، تکایە ڕێـز و خۆشەویستیی ئێمە قەبووڵ بفەرموون.

خاتوو ئیزابێل سیما
نوسینگەی سەرۆك کۆماری
پاریس ٣٠ ژانویەی ٢٠١٥

## سەردانی شاندی یەکیەتیی نێونەتەوەیی لاوانی سوسیال دێموکرات لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات

ڕێکەوتی ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هـەتـاوی، خـاتـوو «ئـەڤـین ئینجەر» سکرتێری گشتیی یەکیەتی لاوانی سوسیال دێـموکـرات بـە هـاوڕێیەتی شاندێکی لاوان و خوێندکارانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان بە سەرپەرەستیی «هێـمـن عـەمـیـد» و «سـەرتیپ عەلی» سکرتێری هەر دوو ڕێکخراو و نوێنەرانی یەکیەتیی لاوانی سوسیال دێموکرات لە جیهانی عەرەب و لاوانی تەڤگەری دێموکراتیك لە ڕۆژئاوای کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیان کرد و لە لایەن شاندێکی حیزب بە سەرپەرەستیی بەڕێز «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازییان لێکرا.سەرەتا ئەڤین ئینجەر باسێکی سەبارەت بە دوایین کۆنفڕانسی لاوانی سوسیال دێموکرات لە سلێمانی کرد و ڕاپۆرتێکی لەو بارەوە پێشکەش بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بەڕێز «مستەفا هیجری» کرد و هەروەها بە نوێنەرایەتی شاندی میوان خۆشحاڵی خۆیان بۆ دیدار لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و دەفـتـەری سیاسی حیزب دەربڕی. پاشان بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری



گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بەخێر هاتنی شاندی میوان، باسێکی لە بارەی حیزبی دێموکرات و کار و چالاکییەکانی پێشکەش کرد. لەو سەردانـەدا لە نێوان بەشداران لە سەر پرسەکانی کورد و ناوچەکانی جیهانی عەرەب و پرسە نێونەتەوەییەکان، ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا. لەو دیدارەدا بەرپرسانی هـەر سێ ڕێکخراوی لاوان، ژنان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامادە بـوون. لە کۆتایی دیدارەکەدا «هیجری» وێڕای پێداگری لە سەر پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد، پێداگری لە سەر ئەو بابەتە کرد کە نەوەی نوێ بە ئەزموون وەرگرتن لە هەڵەکانی ڕابردوو بتوانن پێکەوە وێڕای ڕێزدانان بۆ بیر و باوەڕی جیاوازی یەکتر، لە ڕووی خاڵە هاوبەشە نەتەوایەتییەکان کە زۆر زیاتر لە جیاوازییە فیکرییەکان کۆ ببنەوە بە کاری هاوبەش سەرنجی ڕێکخراوە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان بۆ لای پرسی کورد ڕابکێش. دیدارەکەدا بە سوپاس و پێزانینی شاندی میوان لە پێشوازیی گەرمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆتایی پێهات.

## ڕاگەیەنراوی یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک

مامۆستایانی تێکۆشەری کورد

٢ی ڕەشەمەی هەر ساڵێك لە لاین یونسکۆوە بە ڕۆژی جیهانی زمانی دایك، دیاری کراوە، لەم ڕۆژەدا ئەویندارانی زمانە جۆراوجۆرەکان و بە تایبەتی ئەو زمانانەی کە مەترسی و هەڕەشەی لە ناوچوونیان هەیە، توانا و هێزیان یەك دەخەن و وەك سیمبۆلێك بۆ پاراستن و ڕێز گرتن لە زمانی دایك، چالاکی جۆراوجۆر دەگێڕن.

تێکۆشەران

خۆشەویستی مرۆڤ بۆ زمان لە هەنگاوی یەکەمدا و زیاد لەوەی لە بەر خۆشەویستی و لایەنگری کردن بێت بۆ نەتەوە و هزرێکی دیاریکراو، خۆشەویستییە بۆ مرۆڤایەتی و باوەڕهێنانە بەوەی کە مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی باڵاو جیا لە هەموو بوونەوەرەکانی تر، بەشێکی مەزن لە بوون و گرنگیی و گەورەییەکەی لە زماندا دەردەکەوێت. ئەوەندە بەسە کە باس لەوە بکەین لە زۆر کولتووری دنیادا کامڵ بوونی قۆناغی بەرزی مرۆڤ بوون، پەیوەستە بە زمان و فێر بوونی زمانێکەوە. چونکە لە ڕاستیدا ئەوە زانینی زمانە، کە وا لە مرۆڤەکان دەکات هەستی خۆیان دەرببڕن، لەگەڵ یەك پێوەندی بگرن، هزر و ئەندێشە بگوازنەوە و لە کۆتاییشدا یاسا ئەخلاقییەکان دابڕێژن و کۆمەڵگا پێکەوە بنێن.

خۆشەویستان

گرنگی زمان هەر بەمەندە تەواو نابێ، بەڵکو لەو شوێنەوە کە دەبێتە ناسنامەی تاکە جیاوازەکان و دواتریش پێکهێنانی کۆمەڵگا و نەتەوەکان، ئیدی زیاتر خۆی دەردەخات. لێرەوە چی تر زمان تەنیا بریتی نییە لە ئامرازێك بۆ دەربڕینی هەستی مرۆڤایەتی و کارکردن لە سەر ئەو توانا سرووشتییەی کە لە مرۆڤەکاندا هەیە و پێویستە بەکاری بێنن، بەڵکو دەگۆڕێ بۆ ئەو ئامرازەی کە ڕۆڵی دەبێ لە پێکهێنانی نەتەوە و بنیاتنانی کەسایەتییە جیاوازەکان. ئەمە ئەو شتەیە کە زۆر نەتەوەی دنیا بە ڕۆحی نەتەوەی دادەنێن. زمان لەم سۆنگەیەوە، ئەو کارەکتەرەیە لە ناو هەر نەتەوەیەکدا، کە بە گژ هەرجۆرە چەوسانەوە و ئینکار کردن و سووك کردنێك ڕادەوەستێتەوە و هەوڵی ڕەواندنەوەیان دەدات. چونکە ئەوە زمانە کە دەتوانێ هاوپێوەندی نەتەوەیی، مێژوویی و هەستیی لە نێوان تاکەکانی نەتەوەیەکدا بەدی بێنێت، کە هەموو ئەمانەش بەربەستی سەرەکی هەرجۆرە هزر و دەسەڵاتێکی چەپێنەرن لە کۆمەڵگادا. دژایەتی حکومەتە دیکتاتۆر و زاڵمەکان لە وڵاتە فرە نەتەوە و فرە زمانەکاندا، لەگەڵ زمانە جیاوازەکاندا، هەر لەمەوە سەرچاوە دەگرێ. زمان وەك گرنگترین ئامرازی گواستنەوەی ڕەمزی و گرنگترین کارەکتەری دروستکەری پێوەندی لە نێوان نەوەکانی نەتەوەیەك، ڕۆڵێکی بنیاتنەر لە بنیاتنان و بەخشینی هەستی باوەڕبەخۆبوونی مێژوویی بە تاکەکانی هەر نەتەوەیەك دەبەخشێ و بەمەش دروستبوونی نەتەوە، هەرچی زیاتر سانا دەکات، هەر بۆیە بە ڕۆحی نەتەوە ناودێر کراوە. بۆیە بەو ڕادەیەی گرنگی بە زمان و هێزی زمانی خۆمان بدەین ئەوەندە ئاسۆی سەرکەوتنمان نزیکە.

مامۆستایانی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕی کورد

زمانی کوردی وەك زمانی دایکی ئێمەی کورد، یەکێکە لەو زمانانەی کە بە درێژایی مێژوو لە لایەن داگیرکەرە جۆراوجۆرەکانەوە هەوڵی بێڕێز کردن و بێ هێز کردنی دراوە. ئەوان باش زانیویانە پەنجە لە سەر چی دابنێن و لە کامە بنەما بدەن. ئەوان باش دەزانن، زمانی کوردی یەکێکە لەو گرنگترین ئامرازانەی، کە ڕۆڵی هەیە لە دروست کردنی هەستی هاوپێوەندی و ڕۆحی هاوبەشی مێژوویی. ئەوان باشیان زانیوە کە بە هێز بوونی زمان واتە بە هێزبوونی توانای داهێنان و پەروەردەکردنی کەسایەتی بەهێز. ئەمەش واتە خۆبەدەستەوە نەدان و خۆ بە کەم نەگرتن. هەر بۆیە بە درێژایی مێژوو بەشێکی گرنگ لە کار و تێکۆشانیان بریتی بووە لە سست کردن و لە ناوبردنی ئەم زمانە. بەڵام بە خۆشییەوە، سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم و زۆر و ڕێگریانەی کە سەبارەت بە زمانی کوردی ئەنجام دراون، کەچی هێشتاش هەروا ئەم زمانە قورس و قایم ڕاوەستاوە و هەروا زمانی بە بڕشتی دەربڕی داهێنان، خواست، ئارەزوو و هەستە ڕەسەنەکانی خەڵکانی ئەم سەرزەوییە پیرۆزەیە. بێگومان ئەمەش هەروا بە خۆشی و بە سادەیی نەهاتووەتە بەرهەم، بەڵکو دەرەنجامی شەونخوونی و خەباتی بێ وچانی هەموو تاکە خەباتگێڕەکانی ئەم نەتەوەیە و بە تایبەتی مامۆستایانی شۆڕشگێڕە، کە بە هەوڵ و ماندووبوونەکانیان ڕۆڵی پارێزەرانی ڕاستەقینەی زمانی کوردییان ، گێڕاوە.

ئازیزان

لە کاتێکدا و لە بەر ئەوەی کە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا مامۆستایان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە گەشەپێدان و پێگەیاندنی نەوە جیاوازەکان و پاراستنی زمانی دایکدا هەیە، شکۆیان بەرز ڕادەگیرێ و ژیانێکی شایستە و پڕ لە سەرفرازییان بۆ بەرهەڤ دەکرێ، کەچی بەداخەوە لەم وڵاتە بەڵا لێدراوەی ئێمەدا و بە هۆی سیاسەتە دژە مرۆیی و پاشکەوتووەکانی ئاخووندەکانەوە، هەر ڕۆژە و بە شێوەیەك بێ ڕێزی بە مامۆستایان دەکرێت و شکۆیان دەشکێندرێ. ئێمە پێمان وایە کە مامۆستایان وەك ئەندازیارانی پەروەردەی نەوەکانی هەر کۆمەڵگایەك پێویستە خاوەنی ژیانێکی شایستە و شکۆیەکی مەزن بن. هەر وەك ئاگادارن، مامۆستایانی چالاکی بواری پیشەیی پەروەردە و فێرکردن، بە مەبەستی دەستەبەربوونی ماف و داخوازییەکانیان و نارەزایەتی دەربڕین بەو دۆخە قەیراناوییەی کە پرسی پەروەردەی خستۆتە ژێر مەترسییەوە، داوا لە هەموو مامۆستایان ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین کە هاودەنگ لەگەڵ مامۆستایانی سەرانسەری ئێران لە ڕۆژەی ١٠ی ڕەشەمەی ٩٣ی هەتاویدا، لە مانگرتنی سەرانسەری مامۆستایانی ئێراندا بەشداری چالاکانە بکەن و لە چوون بۆ سەر کلاسەکانی دەرس خۆ بپارێزن.

لە کۆتاییدا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی زمانی دایك، پیرۆزبایی لە هەموو ئاخێوەرانی زمانی کوردی و هەموو زمانە جیاوازەکانی دیکە دەکەین و سەری ڕێز و نەوازش بۆ ئەو تێکۆشەرانە دادەنەوێنین، کە بە بێ هیچ چاوەڕوانییەك و لە سەختترین هەل و مەرجەکاندا، قۆڵی هیمەتیان لێ هەڵماڵیوە و خزمەتیان بە زمانی کوردی کردووە. لە هەمان کاتدا ئەو دڵنیاییەش بە هەموو لایەك و نەوەکانی ئەم نەتەوە بندەستە دەدەین، کە تا مامۆستایانی شۆڕشگێڕ و دەروەستی کورد مابن، زمانی کوردی هەروا سەر بەرز و سەرفراز دەبێ.

یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران
٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی

## سەردانی شاندی پارتی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کوردی سووریە لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات

ڕێکەوتی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندێکی پارتی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سوریە بەسەرپەرەستیی «حەمید دەرویش» سکرتێری گشتی، هاوڕێ لەگەڵ «عەلی شەرمینی» نوێنەری پارتی دێموکراتی پێشکەوتنخواز سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن بەڕێز «مستەفاهیجری» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و ژمارەیەك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی و ڕێبەرایەتی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. لەو سەردانەدا سەرەتا باسێك لە سەر ڕەوشی سیاسیی کورد و دۆخی ڕۆژئاوای کوردستان کرا، هەروەها ئاوڕێك لە خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان درایەوە و ناهاوئاهەنگیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا و سیاسەتی دەستێوەردانی وڵاتانی دەراوسێ و هێندێك لایەنی کوردی کە بە جۆرێك پەیوەندی ڕێکخراوەییان بە لایەنەکانی ڕۆژئاواوە هەیە، خرایە بەرباس کە ئێستا بوونەتە لەمپەر لە ڕێگەی گەیشتنی نەتەوەی کورد لە سووریە بە ئامانجە نەتەوەییەکانی و ئەو سیاسەتە دەستێوەردانە بووەتە هۆی ئەوەیکە ڕێژیمی دیکتاتوری بەشار ئەسەد درێژە بە سیاسەتی نکۆڵی کردن لە پرسی کورد بدات و زەبرو زەنگی لە سەر تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی لەو وڵاتە بەردەوام بێت. لە درێژەی ئەو سەردانەدا هەروەها مەسەلەی سیاسەتی کانتۆن پێکهێنان و دابڕینی ناوچە کوردنشینەکان وەك مەترسییەك لە سەر یەکیەتیی خاك و خەڵکی کوردستان ئاماژەی پێکرا و ڕەچاوکردنی ئەم سیاسەتە وەکوو هێڵێکی پێچەوانەی ڕێکەوتنی دهۆك لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا کە ئامانجی یەکیەتیی و پێکەوە ڕێککەوتن لە سەر بەڕێوەبەریی ناوچە ڕزگارکراوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و پاراستنی دەسکەوتە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد بوو، باسی لێکرا و هەروەها ئاماژە بەوە کرا تەنیا یەکگرتوویی کورد بۆ پێکەوە کارکردنیان و هەڵوێستی هاوبەشیان دەتوانێت ئامانجەکانیان بپارێزێ و ئاماژەش بەوە کرا سیاسەتی دەرەوە کاتێك دەتوانێت یارمەتیدەرمان بێ کە ئەم پرەنسیپە لە بەرچاو بگرین. لە درێژەی ئەو دیدارەدا لە سەر ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسێکی سیاسیی کرا، لەو باسەدا ئاماژە بە بەردەوام بوونی سیاسەتی زەبروزەنگی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و گەلانی ئێران و سەرکوتی دێموکراسیخوازانی ئێران و هەروەها قسە لە سەر ئەو قەیرانە ئابوورییە لە سەر درێژەدانی ڕێژیمی ئێران بە سیاسەتی چەکی ناوکی و شوێندانەریی ئەو گەمارۆیانە کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئامریکا لە سەر ئێرانیان داناوە، کرا. لە بەشێکی دیکەی ئەو باسەدا، قسە لە سەر شەڕی داعش و سیاسەتی یارمەتی کردنی ڕێژیمی ئێران بە لایەنە تێرۆریست و توندڕەوەکانی ناوچەکە کرا. لە درێژەی ئەم باسەدا، ئاماژەیەك بە ڕەوشی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە بە تایبەت ئەنجومەنی نیشتمانی سووریە کرا و ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای تێکۆشانیان خرایە بەر ڕای بەشدار بووان و هەر لەو کۆبوونەوەیەدا باسی ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد و دابڕانی ٣ لایەنی سیاسی لەو ئەنجومەنەدا کرا. دوای نەزەر و ڕاگۆڕینەوە لەم سەردانەدا هەر دوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە سووریە لە سەر درێژەدان بە پێوەندییەکانیان جەختیان کردەوە و حەمید دەرویش وتی: من پێوەندی دێرین و نەتەوەیی و نیشتمانیم لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە و بە دەسکەوتێکی گرینگ و نەتەوەیی دەزانم و شانازی پێوە دەکەم.

### درێژەی پەیڤ

زۆری هەڵگرتووە و تا ئەو ڕۆژەی زبان و دیکەی فاکتەرەکانی شوناسی نەتەوەییمان وەك خۆی ڕێزی لێبگیردرێت و بە فەرمی بناسرێت، دیسانەوەش قوربانی هەڵدەگرێت. چوونکە بۆ ناسینی نەتەوەیەك و شوناسە نەتەوەییەکانی، پێویستە توخمە پێکهێنەرەکانی ئەو شوناسە بناسین و پارێزگارییان لێ بکەین. بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد ناسینی پێکهاتەی شوناسی نەتەوەییمان بە مەبەستی بەرگری کردن و پاراستن و نۆژەن کردنەوەی، خەباتێکی بێوچان هەڵدەگرێت.

## شاندی پارتی ئازادیی کوردستانی باکوور سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات کرد

ڕێکەوتی ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، شاندی پارتی ئازادیی کوردستانی باکوور بە سەرپەرەستیی بەڕێز «مستەفا ئوزجەلیك» سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرەستیی بەڕێز«مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازییان لێکرا. سەرتا ئۆزچلیك، بە نوێنەرایەتی لە شاندی میوان خۆشحاڵی خۆیانی بۆ دیدار لە گەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات «مستەفا هیجری» و دەفتەری سیاسیی حیزب دەربڕی. پاشان ناوبراو باسێکی لە سەر پێکهاتنی پارتی ئازادیی کوردستانی باکوور کرد و وتی ئەو حیزبە لە مانگی ئۆکتوبری ٢٠١٤ی زایینی پێکهاتووە بە مەبەستی دابین کردنی مافی کورد لە باکووری کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵدا. لە درێژەدا خۆشحاڵی خۆیان بۆ بەردەوام بوونی پێوەندییەکان لە گەڵ حیزبی دێموکرات دەربڕی. پاشان بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، وێڕای بەخێر هاتنی شاندی میوان، پیرۆزبایی دامەزراندنی ئەو حیزبەی لێکردن.بەڕێز هیجری بە وردی لێکدوانەوە و سیاسەت و ڕوانگەکانی حیزبی دێموکراتی لە سەر پرسە سیاسییەکان بۆ هەیئەتی میوان شی کردەوە.

## کۆنفرانسی «ڕێگای ئاشتی و دێموکراسی، میانەڕەویی دژ بە توندڕەویی» بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، کۆنفرانسی «ڕێگای ئاشتی و دێموکراسی، میانەڕەویی دژ بە توندڕەویی» بە بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات بەسەرپەرستیی «محەممەد ساحیبی» بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری سلێمانی، لە کۆنفڕانسی ڕێگای ئاشتی و دێموکراسی، میانەڕەوی دژ بە توندوتیژی، لە ٦ پانێلدا دەستی بە کارەکانی کرد. ئەم کۆنفرانسە بە ڕاگرتنی چەند خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد.پاشان وتاری مەکتەبی پێوەندییەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە لایەن «تەحسین نامیق» خوێندرایەوە. دواتر وتاری سکرتێری لاوانی سوسیال دێموکراتی جیهان لە لایەن «ئەڤین ئینجێر» و پاشان وتاری «مەلا بەختیار» کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و وتاری لاوانی سوسیال دێموکراتی عەرەب پێشکەش کرا. فواد خاکی بەیگی، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە پانێلی تایبەت بە ڕۆڵی کورد و دەرئەنجامەکانی پرسی کورد، بە نوێنەرایەتی لاوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات باسێکی پێشکەش کرد.لە پانێلەکانی دیکە دا بەڕێزان، ئیزابێل لوندین وەکوو نوێنەری سەنتەری ئۆلف پالمە و سەعدی ئەحمەد پیرە، بەرپرسی مەکتەبی پێوەندییە گشتییەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان باسیەکەی خۆیان پێشکەش کرد. هەروەها «نەزمی گور» ئەندامی پێشووی پارلمانی تورکیا و «جەمال حوسێن» باسەکانی خۆیان لە ژێر ناوی «ڕێگا بەرەو ئاشتی و دێموکراتی و میانەڕەوی لە بەرانبەر توندڕەویدا» پێشکەش کرد. لە پانێلی کۆتایی دا چەن بابەتێکی دیکە لە لایەن نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی لاوانی سۆسیال دێموکراتی جیهانی، لاوانی سوسیال دیموکرات لە جیهانی عەرەبی و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەباشوور، پێشکەش کران. لە کۆتایی دا بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێك، کۆنفرانسی «ڕێگای ئاشتی و دێموکراسی، میانەڕەویی دژ بە توندڕەویی» کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

## چالاکێکی خوێندکاریی کورد سزای یەک ساڵ زیندانی بە سەردا سەپا

ڕێکەوتی ٢٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، چالاکی خوێندکاری کورد «ئاسۆ عەزیزی» خوێندکاری پێشووی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی پەیامی نووری مەهاباد، لە لایەن دادگای شۆڕشی ڕێژیمی ئیسلامی لە مەهاباد سزای یەك ساڵ زیندانی تەعزیری بە سەردا سەپا. ئەو چالاکە خوێندکاریە، لە چالاکانی بواری ژینگە بووە و هەروەها یەکێك لە ئەندامانی چالاکی کەمپەینی «کۆبانێ تەنیا نییە» و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە کۆکردنەوەی یارمەتییەکانی خەڵك بۆ ئاوارەکانی شنگال و کۆبانێ هەبووە.

## لە مەریوان ڕێوڕەسمێک لە ژێر ناوی «ڕۆژێکم بۆ زرێبار» بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٢٤ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، لە سەیرانگای زرێبار بە مەبەستی پاراستنی ژینگە پارێزی و بە تایبەتی پاراستنی گۆلی زرێبار، ڕێوڕەسمێك بەڕێوەچوو. سەرەتا، پەیامی ئەنجومەنی سەوزی چیا لە لایەن ڕێکخراوی ژینگە پارێزانەوە پێشکەش کرا. پاشان مەحموود موبارەکشایی چەند وتەیەکی سەبارەت بە قەیرانی زرێبار و ئەو گرفتانەی کە زرێبار تووشی بووە، خستە بەرباس و داوای لە بەرپرسان کرد کە دەبێ بە شێوەیەکی جیددی بیر لە ڕێگە چارە بۆ ئەم قەیرانە بکەنەوە. لە بڕگەی دیکەی بەرنامەکەدا وێڕای پێشکەشکردنی چەند پارچە مووسیقی، شانۆیەکیش لە سەر سروشت و ژینگە لە لایەن هونەرمەندانی ئەم شارەوە، پێشکەس کرا. جێگەی ئاماژەیە کە ئەنجومەنە ژینگە پارێزییەکانی، شارەکانی سنە، سەقز، بانە، کامیاران و جوانرۆ لە ڕێوڕەسمەکەدا بەشدارییان کردبوو. لیباس شەخسییەکانی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئێران لەو ڕێوڕەسمەدا ئامادە بوون و لە هەوڵی بێشگرتن لە بەڕێوەچوونی ئەم کۆڕەدا بوون و بە گشتی خەڵکییان خستبووە ژێر چاوەدێرییەوە.

## ١٠ هاووڵاتیی کورد لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە سزای زیندان و دوور خرانەوەیان بە سەردا سەپا

کەمپەینی بەرگری لە زیندانییانی سیاسی و مەدەنی بڵاوی کردەوە، سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ئارام زەمانی» بە ٢٢ ساڵ زیندانی تەعزیری و دوور خرانەوە بۆ زیندانی دیزڵ ئابادی کرماشان، «سیروان زەمانی» بە ٢٢ ساڵ زیندانی تەعزیری دوور خرانەوە بۆ زیندانی «ڕامهرمز»ی خووزستان و «یاسین موقەدەمنژاد» بە ٣١ ساڵ زیندان، لەلایەن دەزگای دادوەریی ڕێژیمی ئێرانەوە سزای ٧٥ ساڵ زیندانیان بە سەردا سەپا. دەرچوونی ئەو حوکمە نارەزایەتی ئەم سێ زیندانییە سیاسییە کوردەی بە دواوە بوو. هەروەها لقی ١٠١ی دادگای شۆڕشی شاری شنۆ، سزای ٧٠ ساڵ و ٦ مانگ زیندانی تەعزیری و ٤٤٤ قامچی بە سەر ٧ هاووڵاتیی کوردی خەڵکی «مەلا عیسا»ی سەر بە شنۆ بە تۆمەتی «هێرش کردنە سەر هێزە نیزامییەکان داسەپاند.

## کۆڵبەرێکی کورد بە تەقەی هێزەکانی ڕێژیم کوژرا

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕێکەوتی ١٥ی ڕێبەندان لە ناوچە سنووریەکانی شاری پیرانشار و لە شوێنێکی نزیك بە بەرزاییەکانی لاوێن، دەستڕێژ لە ژمارەیەك کۆڵبەری کورد کراوە و لە ئەنجامدا «مەناف کاریوەند» تەمەن ٢٨ ساڵ بریندار بووە و دوای چەند کاتژمێرێك گیانی لەدەست داوە. مەناف کاریوەند خەڵکی ناوچەی شاروێرانی شاری مەهاباد بووە و ماوەی چەند ساڵە بە مەبەستی دابین کردنی بژێوی ژیانی ڕووی لە شاری پیرانشار کردبوو و خێزاندار و منداڵێکی کچی هەیە.

## یەکێک لە دەست و پێوەندییەکانی ڕێژیمی ئێران کوژرا

ڕێکەوتی ١٨ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، یەکێك لە دەست و پێوەندییەکانی ڕێژیمی ئێران بە ناوی سالار ئەحمەدپوور لە «نەڵاس»ی سەر بە ناوچەی سەردەشت لە لایەن کەسانی نەناسراوەوە کوژرا. ناوبراو لە ئەشکەنجە و ئازاری دانیشتووانی ئەو ناوچەیەدا دەستی هەبووە.

## سەرۆکی دادگوستەریی ڕوانسەر کوژرا

ئاژانسی هەواڵدەریی «کوردپا» بڵاوی کردەوە، ڕێکەوتی ٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، سەلیم قەنبەری، سەرۆکی دادگوستەری ڕوانسەر، کوژرا. ناوبراو خەڵکی شاری کرماشان و سەرۆکی دادگوستەریی شاری ڕوانسەر بووە.هۆکاریی کوشتنی ناوبراو شەخسی و گەندەڵی بووە و لە لایەن دەست و پێوەندەکانی ڕێژیمەوە ئەنجامدەراوە.

## لە مەهاباد باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، حەسەن نەبەردی، باوکی «بایەزید نەبەردی»، شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی کرد.مام حەسەن نەبەردی ئینسانێکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر بوو و لە نێو خەڵکدا ڕێز و حورمەتێکی زۆری هەبوو. تەرمی حەسەن نەبەردی لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی شاری مەهاباد بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردرا. شەهید بازید نەبەردی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە دایك بووە و پاشان چووەتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە هێزی شەهید پێشەوادا سازمان دراوە. شەهید بازید لە ڕێکەوتی ٢ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لە شەڕێکی قارەمانانەدا دژ بە داگیرکەرانی کوردستان لە گوندێك بە نێوی «سارده کوێستان»ی گەوڕکایەتیی بۆکان شەهید بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی حەسەن نەبەردی و کەس و کاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## لە ورمێ باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی «حەسەن دۆدکانلوو» ناسراو بە «حەسەن شکاك» خەڵکی شاری شنۆ، باوکی شەهید «محەممەد دۆدکانلوو» و هەروەها پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران «عادڵ دۆدکانلوو» لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا لە شاری ورمێ ماڵاوایی لە ژیان کرد. حەسەن دۆدکانلوو بە هۆی نیشتمانپەروەری و حیزب خۆشەویستی لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە زەخت و گوشارێکی زۆری لە سەر بوو و چەندین جار بانگهێشتیان کردووە و بێ حورمەتییان پێکردووە و هەر بەم هۆیەوە ماڵی بۆ شاری ورمێ گواستەوە. شەهید محەممەد دۆدکانلوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، کە لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاویدا پەیوەست بە ڕیزی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بوو. تەرمی حەسەن دۆدکانلوو لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ورمێ و دۆستان و ئاشنایان و کەس و کاری بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و کەس و کاری حەسەن دۆدکانلوو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## لە ورمێ باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، «جاسم بەنیئادەم» باوکی شەهید «فیروز بەنیئادەم» لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا لە شاری ورمێ ماڵاوایی لە ژیان کرد. جاسم بەنیئادەم لە ساڵی ١٣٢٢ لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە گوندی «ئاودیلان»ی ناوچەی کنار بەرۆژی سەر بە شاری ورمێ لە دایك بووە و بەردەوام ماڵی ناوبراو شوێنی حەوانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە. تەرمی جاسم بەنیئادەم لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا لە گۆڕستانی گوندی «ئاودیلان» بە خاك سپێردرا.شەهید فیروز بەنیئادەم، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاویدا، لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە گەڵ پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران پەیوەست بە ڕیزی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و کەس و کاری جاسم بەنیئادەم دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## لە شاری ئەیوانی ڕۆژئاوا باوکی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

مام فەتحوڵڵا کیانی، باوکی محەممەد کیانی، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەڵکی ئەیوانی ڕۆژئاوا، لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا بە هۆی جەڵدەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد.مام فەتحوڵڵا خەڵکی گوندی سەرتەنگی خوارووی سەر بە شارستانی ئەیوانی ڕۆژئاوا بوو. ناوبراو کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و ناوداری ناوچەکە بوو و لە نێو خەڵکی ناوچەکەدا ڕێزی زۆری هەبوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی کاك فەتحوڵڵا و بە تایبەتی کاك محەممەد کیانی و کەس و کاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## لە ورمێ ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی «مەحیەدین حوسێنی» کوڕی «سەید ئەسعەد» خەڵکی «کوڕانەی سێرۆ» لە ناوچەی برادۆستی ورمێ لە تەمەنی ٥٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ناوبراو لە ماوەی ژیانیدا چالاکیی بەرچاوی ڕێکخراوەیی هەبوو و لە جێبەجێ کردنی ئەرکی پێسپێردراویدا هەوڵی بەردەوام و شێلگیرانەی هەبوو و چەندین جار لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە دەستبەسەر کرابوو و ئازار و ئەزیەتیان کردبوو. تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆرای خەڵکی کوڕانە و ناوچەکەدا بەخاك سپێردرا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران سەر خۆشی لە بنەماڵە و کەس وکاری کاك مەحیەدین دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## لە مەهاباد هاوسەری شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

زلێخا فەیزی هاوسەری شەهید «محەممەد پەروەر» خەڵکی شاری مەهاباد بە هۆی جەڵتەی مێشك کۆچی دوایی کرد و لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاك سپێردرا. شەهید محەممەد پەروەری ساڵی ١٣١٣ لە ناوچەی حاجی مامیان سەر بە شاری مەهاباد لە دایك بووە و چووەتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە ڕێکەوتی ٩ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ی هەتاوی لە شاری تەورێز بە دەستی ڕێژیمی ئێران ئێعدام کراوە و بە ڕیزی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان پەیوەست بووە.دایە زلێخا لە دوای شەهید بوونی هاوسەرەکەی، بەرپرسایەتیی گەورە کردن و بارهێنانی ٦ منداڵی کەوتە ئەستۆ و بە سەربەرزی هەتا دوا ساتەکانی ژیانی ئەم ئەرکە گەورەیەی بەجێگەیاندووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێڕان سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دایە زلێخا فەیزی دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# ٣٦ ساڵ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران

**کانیاو**

شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی گەلانی ئێران، شۆڕشێکی جەماوەری بوو، چونکە ڕێژەی بەشداریی هەموو گەلانی ئێران لەو شۆڕشەدا بێ وینە بوو، کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای لە خۆ گرتبوو. هەر بۆیە، ئەو شۆڕشە بە یەکێك لە جەماوەریترین شۆڕشەکانی جیهان دەژمێردرێ. بەڵام ڕووخان و هەڵوەشانەوەی سیستمی پاشایەتی، کۆتایی هەموو کێشە و گرفتەکانی گەلانی ئێران نەبوو، بەڵکو سەرەتای قۆناخێکی نوێ بوو بۆ تێپەڕین لە سیستمێکی دیکتاتور بۆ سیستمێکی دێموکراتیك. بەڵام چونکە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی گەلانی ئێران هیچ بەرنامەیەکی ڕوون و تۆکمەیان نەبوو بۆ پاش شۆڕش و دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیك، کە تێیدا هەموو ماف و ویستەکانی نەتەوەکانی ئێرانی گەڵاڵە و فرموولە کرابێ، نەیتوانی ئەو قۆناخی تێپەڕینە بە ئەنجام بگات. لەوەش گرینگتر بە هۆی لاوازی فەرهەنگی دێموکراسی و نەبوونی ڕەواداریی لایەنە سیاسییەکان، هەل و دەرفەتی بەشداریی بۆ دانانی بناخەی سیستمێکی دێموکراتیك و فرەحیزبی لە لایەن حیزب و کەسایەتییە سیاسییەکانی نەتەوەکانی ئێران، لە لایەن خومەینی و تاقمەکەی نەڕەخسا. بڕوامەندی هێندیك حیزب و ڕێکخراوی چەپ، بە وەعد و بەڵێنەکانی خومەینی و لایەنگرە مەزهەبییەکانی، هۆکارێکی دیکەی هاتنە سەرکاری سیستمێکی ئەزموون نەکراوەی وەك «کۆماری ئیسلامی» بوو. هەر بۆیە دەبێ ئەزموونی هەڵە و بێ پلانیی لایەنە سیاسییەکانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران بکەینە چرای ڕێگای خەباتمان، تا سەرکەوتنی داهاتوومان بۆ مسۆگەر بکا. لێرەدا بە کورتی ئاوڕێك لە ٣٦ ساڵ دەسەڵاتداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی دەدەینەوە.

**بواری سیاسی:**

شۆڕشی ئێران لە کات و ساتێکدا سەرکەوت، کە جەمسەرەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە شەڕێك، بە ناوی شەڕی ساردا بوون. هەر بۆیە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە سەرەتادا لە ئاست شۆڕشی گەلانی ئێران و بەشداریی ڕێکخراوە چەپەکان زۆر هەستیار بوون، بەڵام پاش سەرکەوتنی شۆڕش و کردەوەکانی خومەینی و تاقمەکەی بۆ دامەزرانی ڕێژیمێکی مەزهەبی «کۆماری ئیسلامی» و سەرکوتی خوێناوی حیزب و ڕێکخراوەکانی گەلانی ئێران، ئازادیخوازان و ڕۆژنامەنووسان، سەرەڕای مەحکووم کردنی هێندێك کردەوەی ڕێژیم لە هەمبەر خەڵك و بەتایبەت ئیعدامی کاربەدەستانی ڕێژیمی پەهلەوی، لە ئەساسدا بێدەنگییان هەڵبژارد. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دۆخێ شۆڕش جورێکی دیکە بوو، چونکە زۆربەی خەڵکی کورد لە دەوری ئامانج و بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە کۆ ببونەوە و داوای چارەسەری ویست و داخوازییە نەتەوایەتییەکانیان لە دەوڵەتی ناوەندی دەکرد. هەر چەند دوکتور عبدولڕەحمان قاسملوو هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە یەکەم کەسی کورد و ئێرانی بوو کە هەوڵە پاوانخوازییەکانی خومەینی و تاقمەکەی بە هەوڵێك بۆ دامەزراندنی دیکتاتۆرییەتێکی مەزهەبی لە ئێراندا دایە قەڵەم، و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێفراندۆمی ڕێژیم بۆ دامەزراندنی «کۆماری ئیسلامی» بەشداریی نەکرد و هەروەها کاتێك باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاویدا لە لایەن خوێندکارانی لایەنگری خومەینی دەستی بە سەر دا گیرا، حیزبی دێموکرات بە ڕێبەریی شەهید دوکتور قاسملوو ئەو کردەوەی مەحکووم کرد.

سەرەڕای ئەو کردەوانەی ڕێژیمی خومەینی، حیزبی دێموکرات و لایەنە سیاسییەکانی دیکە ڕایانگەیاند باشترین ڕێگا بۆ چارەسەر کردنی ویست و داخوازییەکانی نەتەوەیی کورد ڕێگای وتووێژە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی و هەر بۆ ئەو مەبەستەش شاندێکی نوێنەرایەتی کوردیان بۆ وتوێژەکان پێکهێنا. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم هەنگاودا هەوڵی دا بە تانك و تۆپ و هێزی سەربازی خەڵکی کورد لە ویست و داخوازییەکانیان پاشگەز بکاتەوە و دەنگی نارەزایەتییان کپ بکات. هەر بۆ ئەو مەبەستەش شەڕێکی نەخوازراوی بە سەر خەڵکی کوردستاندا سەپاند کە تا ئێستاش درێژەی هەیە.

کردەوەیەکی دیکەی نادێموکراتیکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە هەر لە سەرەتاوە، هەڵبژاردنەکانی بە شێوەی دووقۆناغی بەڕێوە بردووە، واتا پاڵێوراوان لە قۆناغی یەکەمدا دەبێ لە فیلتێری دەزگا ئەمنییەتییەکان و شورای نیگابانەوە تێپەڕن و پاشان خەڵك لە نێوان چەند پاڵێوراوی دیاریکراو لە لایەن ڕێژیمەوە، بەربژێرێك هەڵبژێرن. ڕێژیم سەرەڕای دانانی ئەو کۆسپ و تەگەرانە بۆ دیاریکردنی کاربەدەستانی باڵای خۆی، زۆرجار لە ماوەی ئەو ٣٦ ساڵەدا مۆرە گرینگەکانی خۆی کردووەتە قوربانیی پاراستنی سەرەڕۆیی وی‌لایەتیی فەقیهـ و پاراستنی نیزام. پاش دەست لەکارکێشانەوەی دەوڵەتی کاتی بە سەرۆکایەتی مێهدی بازرگان بە نارەزایەتی سەبارەت بە داگیرکردنی باڵێوزخانەی ئامریکا لە لایەن خوێندکارانی پێڕەوی خومەینییەوە، دەتوانین هێما بۆ چارەنووسی هێندیك مۆرەی باڵا و گرینگی ڕێژیم بکەین کە لە بەلەمی نیزامدا دابەزێندران. ئەبولحەسەن بەنی سەدر یەکەمین سەرکۆماری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بۆ ڕزگارکردنی گیانی خۆی لە ئێران دەرچوو. وەلائانی جێنشینی خومەینی ئایەتوڵڵا حەسەن عەلی مونتەزێری بە تۆمەتی ئەوەیکە ماڵەکەی بووەتە بنکەی بەرهەڵستکارانی خومەینی و نارەزایەتی ناوبراو بە ئیعدامی بە کۆمەڵی زیاتر لە ٥ هەزار زیندانی سیاسیی لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاویدا بوو بە قوربانیی ململانێی نێوان باڵەکان و لە ماڵەکەی خۆیدا تا مردن دەستبەسەرکرا. ناساندنی ٢ کەس لە سەرکۆمارانی ڕێژیم بە باوکی فیتنە( هاشمی ڕەفسەنجانی) و سەرۆکی فیتنەگەران ( محەممەدی خاتمی ) و ناساندنی مەحموودی ئەحمەدی نژاد بە سەردەستەی لادەران لە ڕێژیمدا، پاکانە و کوشتنی سەدان مۆرەی گرینگی دیکە بە تایبەت لە سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتدا نیشانەی نەبوونی متمانە، تەنانەت بە مۆرە سەرەکییەکانی خۆیەتی. ئەو شێوە هەڵسوکەوتانەی ڕێژیم لەگەڵ مۆرە سەرەکییەکانی خۆیدا، نەك نەیتوانیوە دەسکەوتێکی بۆ ڕێژیم هەبێ، بەڵکوو قەیران و ناکۆکییەکانی باڵەکانی ڕێژیمی زیاتر زەق کردووەتەوە و شێوەی حاکمیەتی ڕێژیمی بۆ بیروڕای گەلانی ئێران و جیهانی باشتر ناساند. سیاسەت و هەڵوێستەکانی کۆماری ئیسلامی، وەك، فیتوای جیهاد بە دژی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، شەڕی بێ ئاکامی ئێران و عێراق، سەرکوتی خوێناوی نەتەوەکانی ئێران، قەدەغە کردنی چالاکی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ئێران و کوردستان، پشتیوانی دارایی لە گرووپە تیرۆریستییەکانی ناوچەکە و جیهان، دەستێوەردان لە کار و باری وڵاتانی ناوچە وجیهان، هەوڵدان بۆ دەستپێراگەیشتن بە چەکی ناوکی، کەش و هەوایەکی خوڵقاند کە بوو بە هۆکار بۆ گۆڕین و پێداچوونەوەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە سیاسەت و هەڵوێستەکانیان لەمەڕ ڕێژیمی ئێران. لە ئاکامدا ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی سیاسەتێکی دیکەیان لە هەمبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گرتەبەر و ڕێژیم کەوتە بەر توندترین گەمارۆکانی ئابووری و سیاسیی کە ئێستاش لە ئاست پێوەندییەکانی جیهانییەوە تاك و تەریك ماوەتەوە.



**بواری ئابووری:**

کۆماری ئیسلامی بە دروشم و بەڵێنی درۆیینی چاکسازی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسیی هاتە سەر کورسی دەسەڵات. بەڵێنی دابوو نادادوەریی ئابووریی و کۆمەڵایەتی کەم کاتەوە و داهاتی سەرانەی خەڵك بەرز کاتەوە و نەوت و خزمەتگوزارییە گشتییەکان بێ بەرانبەر بە سەر خەڵکدا دابەش بکا. بەڵام پاش ٣٦ ساڵ دەسەڵاتداری و هەڵبژاردنی ٧ سەرکۆمار( ١١ کابینەی دەوڵەت) و٨ خولی مەجلیسی شوورای ئیسلامی، دەرکەوت کە کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە لایەك لە فیکری دزی و تاڵانی سەروەت و سامانی وڵاتی ئێراندا بوون و لە لایەکی دیکەوە سەروەت و سامانی وڵاتی ئێران بۆ ئامانجی سیاسیی خۆیان دەدەن بە گروپە تێروریستییەکانی ناوچەکە و جیهان. گەندەڵی ئابووریی لە ڕێژیمدا هەر لە سەرەتاوە لە ژێر کاریگەری دوو جۆری گەندەڵی دیکە واتا گەندەڵی سیاسی و گەندەڵی هەڵبژاردندا بووە. لەو ماوەیدا دزی و گەندەڵیی مۆرە گرینگەکانی ڕێژیم بە هۆی نەبوونی دەوڵەتێکی وەڵامدەر بە خەڵك و دەزگایەکی دادوەری سەربەخۆ ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بووندا بووە. چونکە گەندەڵی ئابووریی بە شێوەی سیستماتیك لە نێوان مۆرەکانی باڵای ڕێژیمدا بوونی هەبووە. لەوەش گرینگتر چونکە دەزگاکانی دادوەری، یاسادانان و بەڕێوەبەری ڕێژیم لە نیوان بازنەیەکی داخراوی چەند سەد کەسی مۆرەکانی ڕیژیمدا قورغ کراوە، دەستیان لە گەندەڵیدا ئاوەڵاتر بووە. هەر بۆیە لەو ماوەیەدا هیچ گەڵاڵەیەك و بەرنامەیەکی درێژخایەنی ئابووریی ڕێژیم سەرکەوتوو نەبووە. لەو ماوەیەدا کاربەدەستانی باڵای ڕێژیم زۆر جار باسی گەندەڵی و چاکسازی لە سیستمی ئابووریان کردووە، کە دەبێ ئابووری لە «پاوان و ڕانت» بێتە دەرێ. هەرچەند خۆشیان ئەوە باش دەزانن کاتێك ئابووری ئێران لە «پاوان» دێتە دەرێ کە ئەسڵی ٤٤ ی یاسای بنەرەتی ڕێژیمی ئێران بگۆڕدرێ، چونکە لەو ئەسلەدا کە باس لە سیستمی ئابووری ئێران دەکا، ئابووری ئێران بە سەر سێ بەشی «دەوڵەتی، هەرەوەزی و تایبەت» دابەش کردوە، بەڵام زیاتر لە ٨٧٪ ئابووری ئێران لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت، ئۆرگانە نیزامی و ئەمنییەتییەکان و دام و دەزگاکانی سەر بە بەیتی ڕێبەریدایە. هەر بۆیە ئابووریی ئێران بەو شێوە کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم دەیانهەوێت لە «پاوان» بیهێنە دەرێ و بیبێتە ئابوورییەکی ڕەقابەتی و گەشەی کەرتی تایبەت، شتێکی ناموممکین و ئاستەمە. هەر بۆیە ئێران ئێستا، لە ئاستی جیهانیدا چوارەمین وڵاتە لە هەبوونی ڕێژەی گرانی و بێکاریدا و لە ڕووی هەڵاوسان، چونەسەری قیمەتەکان لە ئاستی جیهاندا لە ڕیزبەندی یەکەمدایە. لە لایەکی دیکەوە بە هۆی گەمارۆ نێونەتەوەییەکانەوە ساڵانە دەیان میلیارد دۆلار زیان لە ژێرخانی ئابووریی ئێران دەدرێ و دەیان کارخانە و کارگا داخراوە و بە هەزاران کرێکار بێکار کراون. لەو ماوەیەدا ساڵانە لە بوودجەی خەڵکی ئێران بە سەدان میلیۆن دۆلار لە سیاسەتی دروستکردنی هێلی شیعی لە سوریە و لوبنان و بەحرەین و یەمەندا بۆ ئاژاوەنانەوە و گروپە تیروریستەکان خەرج دەکرێت. بە گشتیی ئێران ئێستا لە ڕووی ئابوورییەوە گەندەڵترین وڵاتە، هاوکات لە ڕیزی دیکتاتۆرترین و داخراوترین و ناسەقامگیرترین سیستمی سیاسیی، ئابوورییە.

**بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی:**

ئەزموونی ٣٦ ساڵ دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیە لە ئێراندا نیشانی داوە کە زۆربەی بەرنامە و پلانەکانی لەو بوارەدا لەگەڵ زاتی گەلانی ئێران نامۆیە. چونکە نۆرم و بایەخە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان، بە هۆی داخراویی سیستمی دیکتاتۆری حکوومەتی ئیسلامی و قەدەغەکردنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان، بەستێنی گونجاوی بۆ گەشەکردن بۆ نەڕەخساوە. تەنانەت لە هەمبەر سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا ئاکامی پێچەوانەی لێ‌کەوتووەتەوە و دیاردە دزێوەکانی وەك، پەرەسەندنی مادده هۆشبەرەکان، دزی و گەندەڵی و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی لێ کەوتووتەوە. هەروەها لە بواری فەرهەنگیدا داخرانی ڕۆژنامە و چاپخانەکان، گرتن و زیندانی کردنی ڕۆژنامەنووسان، کەمبوونەوەی ژمارەی چاپی کتێب، شۆڕشی فەرهەنگی لە زانستگاکان، بێ نێوەرۆك کردنی کتێبە دەرسییەکان و زۆر شتی دیکە لەمپەر بوون لەسەر ڕێگای گەشەکردنی هەمەلایەنی بواری فەرهەنگی. بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە بارودۆخی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئێران بۆمان دەردەکەوێ لە سێبەری سیاسەتە هەڵەکانی ڕێژیم، فاکتەرەکانی گەشەی نۆرم و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا ڕۆژ بە ڕۆژ لە دابەزیندا بووە. چونکە لە وەها دۆخێکدا بە هۆی قەدەغەکرانی دامەزراوە دێموکراتیکەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ژێرخانە فەرهەنگی وکۆمەڵایەتییەکانی ئێران و کوردستان گەشەی نەکردوە. چاوەدێری کردنی بنکەکانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە لایەن ئۆرگانە ئەمنییەتی و نیزامییەکانەوە و نەبوونی دەزگایەکی دادوەریی سەربەخۆ، لەمپەڕی جیددین لەسەر ڕێگەی گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی کراوەی دێموکراتیك لە ئێراندا. هەروەها پشتگوێ خستنی بە ئەنقەستی گەشەی نۆرم و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان، یان لەمپەڕ خستنە سەر ڕێگەی دامەزراوە مەدەنییەکان کە ڕێژیم خۆی ئیزنی کار و چالاکی پێداون، هەوڵێکی ئاگایانەی بەرپرسانی ڕێژیمە بۆ دروستکردنی بواری پاڵپێوەنانی خەڵکی ئێران و بە تایبەت لاوان بەرەو دیاردە دزێوەکانی وەك دزی، لاتی و چەقۆکێشی، کیف ڕفاندن، تەڵاق، خۆکوژی و بەکارهێنانی مادده هوشبەرەکان. هەر بۆیە ئاستی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر لە نێو لاوەکاندا ئێستا لە هەمبەر ڕابردوودا گەیشتۆتە ١٣ هەتا ١٥ ساڵ. ڕوون و ئاشکرایە سیاسەتە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕێژیم لە کوردستانی ئێراندا بە هۆی بوونی بزووتنەوەیەکی دێموکراتیك و نەتەوەیی زۆر دوژمنکارانەتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران بەڕێوە دەچێت. چونکە کوردستان هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، لانکەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و دێموکراتیك و گۆڕەپانی بەربەرەکانێ لەگەڵ سیاسەتەکانی حکوومەتی ئیسلامی بووە. هەر بۆیە ڕێژیم بە هەموو شێوەیەك پەرەی بە دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە.

قسەی کۆتایی ئەوەیە، ڕێژیمی ئێران لەو ماوەی ٣٦ ساڵ حاکمیەتەدا تەنیا برسییەتی، سەرکوت و خەفەقان، گەندەڵی ئابووریی و ئیداری و گۆشەگیری بۆ گەلانی ئێران بە دیاری هێناوە. سەرەڕۆییەکانی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات بە شێوەی کوشتار بە تاك و بە کۆمەڵی ئازادیخوازانی نەتەوەکانی ئێران و پەرەپێدان بە تیرۆریزمی دەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و جیهاندا، وایکردوە، کە ئێستا جیهان و بە تایبەت کوردستان لەژێر مەترسیی گروپێکی تیرۆریستی بە ناوی «داعش» دا بێت.



## مستەفا هیجری:

# بۆ یەکگرتنەوە لەسەر خاڵە سیاسییەکانی کۆنگرەی ١٣ وەک بنەمای دانیشتنەکان ڕێک کەوتووین

**ئاژانسی ئانادۆڵۆ، لە سەرەتای مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاویدا، وتووێژێکی لەگەڵ مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پێک هێناوە و تیایدا باس لە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات و هەروەها بارودۆخی ناوچەکە کراوە. دەقی وتووێژەکە بەمشێوەیە:**

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، مستەفا هیجری لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆڵ و لەبارەی پرسی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێت:

«دەمانەوێت بە وردی بچینە کارەکەوە و نامانەوێت دوای یەکگرتنەوە جیابوونەوەی دیکە دروست ببێتەوە».

مستەفا هیجری لەو بارەیەوە بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو گوتی:

«ئەوەی لەبارەی یەکگرتنەوەوە باسی لێوەدەکرێت شتێکی تازە نییە، درێژەی ئەو هەوڵ و تێکۆشانانەیە کە نزیکەی دوو ساڵە دەستمان پێکردووە، دوای ئەوەی لە دوایین کۆنگرەماندا یەکێك لە ڕاسپاردەکان بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوە، ئیدی هەوڵەکانمان چڕتر کردەوە و لێژنەیەکمان پێکهێنا و لەگەڵ هاوڕێیان چەند جارێك دانیشتووین تا ئاستی سکرتێری هەردوولا».

دواتر ئاماژەی بەوەدا کە:

«ڕەنگە ئەم هەفتەیە دانیشتنێکی دیکە لە نێوان هەردوو دەفتەری سیاسی بە ئامادەبوونی هەر دوو سکرتێر بەڕێوەبچێت بۆ ئەوەی چوارچێوەی کارەکە و وردەکارییەکانی بەگشتی باس بکەین و دواتر لێژنەکانمان درێژەی پێبدەن».

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی قسەکانیدا لەبارەی ئەو پرسەوە دەڵێت هەردوو لایەن ڕێك کەوتوون کە خاڵە سیاسییەکانی پەسەندکراوی دوایین کۆنگرەی حزبەکەیان پێش ئەو جیابوونەوەیە بکەنە بنەما لە وتووێژەکانیان و لەو پێناوەشدا لەسەر ناوی حیزب و ئارمەکەیان و چەند شتێکی دیکەش ڕێك کەوتوون.

لەگەڵ ئەوانەشدا بۆ دیاریکردنی کات بۆ یەکگرتنەوەکە، مستەفا هیجری دەڵێت:

«پێشبینی کردنی کات زەحمەتە».

ئەو هێمای بۆ ئەوەش کرد کە ئێران بەو یەکگرتنەوەیەی ئەوان قەڵسە و پێیان خۆش نابێت، لەوبارەیەوە دەشڵێت:

«ئەسڵەن خودی جیابوونەوەکە ئەگەر ڕاستەوخۆش نەبێت بە ناڕاستەوخۆ دەستی ئێرانی تێدابوو، کۆماری ئیسلامیی ئێران نەك بۆ حیزبی دێموکرات کە حزبێکی سەرەکییە لە ڕۆژهەڵات، یەکگرتوویی کوردی لە هەموو بەشەکاندا پێ ناخۆشە و هەموو کار و تێکۆشانی لە هەموو بەشەکان بۆ جودایی و بەگژ یەکدا کردنی کوردە».

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری کە حزبەکەی یەکێکە لە کۆنترین حیزبەکانی کوردی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامی ئێران لەو هەڤپەیڤینەییدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆڵو باس لە بوونی هەواڵگریی ئێران لە هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت ئەوان زانیاریی تەواوییان لەبەردەستە کە ئێران مۆڵگەی سیخوڕیی زۆری لە هەرێم هەیە و دەڵێت:

«ئێران لە ڕێگەی هەردوو کونسولخانەکەی لە هەولێر و سلێمانی و زۆر شوێنی دیکەی نهێنیی، بوونی هەواڵگریی هەیە، بوونی کۆماری ئیسلامی لە هەموو شوێنێك بۆ هەواڵ وەرگرتن نییە، بەڵکو بۆ تێکدانە، چوونکە ئێران لە ڕێگەی باڵیۆزخانەکانییەوە دەیەوێت بزانێت چۆن دەتوانێت جیاوازیی بخاتە نێو حزبەکان و یاری بکات بۆ بەرژەوەندیی خۆی».

لەبارەی شەڕی «داعش»یشەوە دەڵێت پێش شەش مانگ لەمەوبەر نزیکەی پێنج هەزار لە ئەندامانی سوپای قودس پەڕیونەتەوە بۆ کوردستانی عێراق، ئەوە جگە لە ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەران و پسپۆڕان کە کار بۆ مەشقپێکردنی سوپای عێراق دەکەن، دەشڵێت بەشی زۆری ئەوانە بە ناوی پاراستنی مەزارگەکانی شیعەکان لە کەربەلا و نەجەف و سامەڕا هاتوون، بە ڕای ئەو ئەو هێزانە لە ناوچە جێ ناکۆکیەکانی جەلەولا و سەعدییە و چەند ناوچەیەکی دیکەش جێگیر کراون.

مستەفا هیجری لە درێژەی قسەکانیدا بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو لە بارەی هێرشەکانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بە دیاریکراوی بۆ سەر مەخموور و گوێڕ و نزیکبوونەوەیان لە هەولێر بۆ یەکەم جار پێش چەند مانگێك لەمەوبەر دەڵێت ئێران داعشی لە هەولێر نزیك کردەوە بۆ تەمبێ کردنی کورد کە ماوەیەك بوو باسی سەربەخۆییان دەکرد، دەشڵێت:

«هاتنی داعش بۆ هەولێر و نزیکبوونەوەیان لە مەخمور و گوێڕ لەلایەن ئێرانەوە بەرنامەڕێژیی بۆ کرابوو، ئێران ویستی ئەوان بێنە ئێرە و کورد تەمبێ بکات، چونکە لەو ماوەیە و پێشتریش کورد زۆر باسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆییان دەکرد و کۆماری ئیسلامی ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو ویستی کورد سزا بدات».

باس لەوەش دەکات پاش پێکانی ئەو ئامانجەی ئێران و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمیش وایان بڵاوکردەوە کە ئێران یەکەم وڵات بوو یارمەتیی هەرێمی دا لە شەڕی دژ بە داعش.

مستەفا هیجری بۆ ئەو قسانەی کە دەیانکات زوو زوو دەیگوت بەپێی زانیارییەکانییان، ئەو گوتیشی:

«زانیارییەکانمان باس لەوە دەکەن ئێران مەشق بە پەنابەری ئەفغانی دەکات و دواتر دەینانێرێتە نێو ڕیزەکانی داعش».

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری لە درێژەی هەڤپەیڤینەکەیدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆڵو لەبارەی هۆکاری کشانەوەی هێزەکانییان لە شەڕی دژ بە داعش پاش بەشداربوونێکی کورت دەڵێت:

«ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات ئێستا هیچ هێزێکمان لەشەڕی دژ بە داعش لە باشووری کوردستان بەشدار نییە، لەبەر ئەوەی ئێمە لەسەرەتای هێرشەکانی داعش بۆ سەر گوێڕ و مەخمور و نزیکبوونەوەیان لە هەولێر ئامادەیی خۆمان بۆ ناردنی هێز بۆ شەڕەکە دەربڕی و بەرپرسانی هەرێم داوایان لێکردین و بەدەمیانەوە چووین، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت داوای کشانەوەیان لێکردین و کشاینەوە».

لەمەڕ هۆکاری ئەو کشانەوەیەش مستەفا هیجری دەڵێت:

«ئێران پێی خۆش نییە هێزەکانی حزبە کوردییەکان دەربکەون و ڕەنگە ئەو کشانەوەیەش هەر لەسەر داوای ئێران بووبێت».

مستەفا هیجری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئێستادا بە گونجاو نازانێت و هەلومەرجی سیاسی و ناوچەیی بە لەبار بۆ ئەو کردیەیە نابینێت و دەڵێت:

«دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی و خۆ ڕاگەیاندنی بە ئاشکرای حزبی دێموکرات خەباتی چەکداریمان وەکوو شێوەیەکی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران زانی نەك وەکوو ئامانج و یەکلاکەرەوە، بۆیە خەباتی چەکداریی خوێناویمان لە گەڵدا بردە پێشەوە، ئێستاش ئەگەر بوار هەبێت دیسان دەکرێت خەباتی چەکداری وەکوو یەکێك لە شێوەکان کەڵك لێ وەربگرین، ئەگەر هەلومەرجە سیاسی و ناوچەیی ڕێگە بدات ڕەنگە وەکوو شێوەیەك لە شێوەیەکان کەڵکی لێ وەربگرین، بەڵام ئێستا ئەو هەلومەرجە بۆ ئێمە لەبار نییە، ناتوانیین لێرە دابنیشین و بچین لە ئێران خەباتی چەکداری بکەین».

هیجری لەبارەی پرسی کۆنگرەی نەتەوەییشەوە بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو دەڵێت بەرژەوەندیی حزبایەتی هۆکاری دواخستنییەتی، لەو ڕووەوە گوتی:

«لەکاتێکدا هێزی کورد هەمووی پارچە پارچەیە و هەمووی لە بیری پێکهێنانی بەرژەوەندی و قازانجی خۆیەتی نەك بەرژەوەندیی نەتەوەیی، ئەوا کۆنگرەی نەتەوەی نابەسترێت، کۆنگرەی نەتەوەی دەبێت لەسەر بنەمای قازانج و بەرژەوەندیی نەتەوەیی پێکبێت، ئێستا بۆ بەرژوەندیی حزبی و گرووپ و دەستەیە، تا ئەو کاتەی ئەو ڕەوتە بەردەوام بێت پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی سەرناگرێت، ئەگەر سەریش بگرێت لە بەرژوەندیی یەك دوو لایەن دەبێت، پێشتریش هەر بەو هۆیەوە کۆنگرەکە سەری نەگرت، بۆیە گەشبین نیم لەبەستنی لەبەر بەرژوەندیی حزبی».

هیجری، پارتی و پەکەکە بەتایبەت ئەمەی دوای بەوە تۆمەتبار دەکات کە دەیانەوێت هێژموونیی خۆیان بەسەر کۆنگرەی نەتەوەییەوە دەربکەوێت، دەشڵێت:

«هەر لایەنێك بیەوێت کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ بەرژوەندیی خۆی بخاتە ژێر هەژموونی خۆی ئەوا سەرناگرێت».

لە کۆتایی قسەکانیدا سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری سەرکەوتنی کۆبانیی لە دژی داعش بە گرنگ هەڵسەنگاند و گوتی بە سەرکەوتنی خۆیانی دەزانن و هیوای ئەوەشی خواست ئەو سەرکەوتنە سەرەتایەك بێت بۆ شکست پێهێنانی داعش لە هەموو خاکی کوردستان.

**«دەمانەوێت بە وردی بچینە کارەکەوە و نامانەوێت دوای یەکگرتنەوە جیابوونەوەی دیکە دروست ببێتەوە»**



---

رۆژەڤ

## مەترسی داعەش لە کەنارەکانی ئیتالیا

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

«ئیتالیا ئامادەی ڕێبەرایەتی بەرەی پێشگرتن بە خیلافەت لەوپەڕ دەریاوە لە لیبیایە» سەردێڕی ڕاپۆرتێك بە قەڵەمی «جەك موور»ە کە ماڵپەڕی «نیوزویك» سێ ڕۆژ لەمەوبەر بڵاوی کردووەتەوە. لە سەرەتای وتارەکەدا هاتووە: «وەزیری بەرگری ئیتالیا وتوویەتی ئیتالیا ئامادەی ڕێبەرایەتیکردنی هەوڵێکی هەمەلایەنە بۆ نەهێشتنی هەڕەشەی هەردەم زیاتری جیهادییەکان لە لیبیا و پێشگرتن بە دروستبوونی «خیلافەت» لەوپەڕ دەریا لە کەنارەکانی ئەورووپادایە.

مانگی ڕابردوو، حکومەتی ئیسلامی عێراق و شام بەرپرسیارەتی هێرشێکی مەرگباری لە کورینزیاهۆتێل لە تریپۆلی پێتەختی لیبیا گرتە ئەستۆ و دوێنێ ئەو گرووپە ڤیدیۆیەکی بڵاو کردەوە کە تێیدا فیلمیان لە سەربڕینی ٢١ مەسیحی میسری هەڵگرتبوو و فیلمەکەیان لە کەنارەکانی دەریای مەدیتەرانە تۆمار کردبوو. لە ڤیدیۆکەدا، میلیشیاکان قسە لە داڕماندنی ڕۆم و ئاماژە بە ئاراستەی دەریا بەرەو کەنارەکانی ئیتالیا دەکەن. شاری دێرنا لە ڕۆژهەڵاتی لیبیا کە لە ژێر کونترۆڵی ئەم گرووپە تیرۆریستییەدایە، نزیك بە ٥٢٠ مایل لە دوایین خاڵی باشووری ئیتالیاوە دوورە».

لە بەشێکی دیکەدا هاتووە: «بەدوای کەوتنی کۆلۆنێل موعەمەر قەزافی لە ٢٠١١دا، لیبیا کەوتووەتە نێو شەڕێکی نێوخۆیی بە دوو حکومەتەوە کە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە بە شێوەی جیا حکومەت دەکەن و ئەمەش ڕێگەی بۆ گرووپە ئیسلامگەرا ڕادیکاڵەکانی وەك داعەش و ئەنسار ئەلشەریعەی سەر بە ئەلقاعیدە خۆش کردووە کە لەو بۆشایی دەسەڵاتەدا سەرمایەگوزاری بکەن».

لە بەشێکی دیکەدا باس لەو مەترسییانە دەکرێ کە بە هۆی لێشاوی ئەو پەنابەرانەوە ڕووبەڕووی ئیتالیا و بەگشتی ئەورووپا دەبێتەوە کە لە ئاوەکانی مەدیتەرانەوە ڕوو لە دەروازەی ئەورووپا، ئیتالیا دەکەن. هاتووە: «زیاتربوونی کاریگەری داعەش بەسەر لیبیا ئەو ترسەی لێکەوتووەتەوە کە ئەم گرووپە هاوکات لەگەڵ بەردەوامبوونی لە پەرەگرتن، دەکرێ ئەو وڵاتە وەکوو سەکۆی هێرش بۆ ئەورووپا بەکار بێنێ، ئەویش بە هۆی ئەو میلیشیایانەی کە خۆیان لە نێو هەزاران پەنابەردا دەشارنەوە کە هەوڵ دەدەن ڕێگەی مەترسیداری لیبیا بۆ ئیتالیا لە دەریاوە ببڕن.

پاینۆتی، وەزیری بەرگری ئیتالیا بە ڕۆژنامەی «مێساگێرۆ»ی وتووە ناکرێ ئەو جیهادییانە دیاری بکەین کە دەگەنە ئیتالیا و خۆیان وەکوو پەنابەر دەناسێنن. مانگی ڕابردوو، ڕاپۆرتەکان نیشانیان دا کە جیهادییە سوورییەکان لە هەمان تاکتیك بۆ هاتنە نێو ئەورووپا لە ڕێگەی سنووری ڕۆژهەڵاتییەکانییەوە کەڵکیان وەرگرتووە».

لە کۆتاییدا هاتووە: «کارلۆتا سامی، ژنەوتەبێژی کۆمیسیۆنی بەرزی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نووسینگەی کاروباری پەنابەران لە ڕۆم هۆشداری دا کە ژمارەی ئەو پەنابەرانەی لە لیبیاوە بۆ ئیتالیا دێن، تا ڕادەیەك هەر ساڵە دوو بەرابەر دەبێت».

سەرچاوە:
Newsweek.com

# یەکیەتیی خوێندکاران ئاڵاهەڵگری ڕەوتی عەقڵانیەتی مۆدێرن و شوناسخوازیی کورد

**هێرش کەریمی**

ئانتۆنی گیدنز لەو باوەڕەدایە «بزوتنەوە (بزاڤ)» ـەکان لە ئەنجامی ناکامڵ بوونی دەوڵەت و بێ‌توانابوونی سیستەمی بەڕێوەبەریی دەوڵەتیی و هەروەها سیستمی ئاکادیمی و خوێندن سەرهەڵدەدات و هەوڵ دەدات مرۆڤەکان لەبازنەی قەتیس کراودا ڕزگار بکات و لە چوارچێوە و قەوارەی کۆمەڵانی خەڵکێکی ئاگا و وشیاردا کۆیان بکاتەوە.

بێ‌شک هەر کۆمەڵگایەك کێشەی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەو کێشە و ئاستەنگانە لە سیاسەت و ستراتیژی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆیان دەنوێنن. بزاڤی خوێندکاری کێشە و تایبەتمەندییەکانی کومەڵگا دەست نیشان دەکات و هەڵیدەسەنگێنێ و لەلایەکەوە خۆی وەکوو بەشێك لە بەرجەستەکردن، هێنانە بەرباس و لەلایەکی دیکەوە هوشیار کردنەوە و گوشار خستنە سەر دەسەڵاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەپێناو چارەسەرکردنی ئەو کێشانە پێناسە دەکات. بەم چەشنە دەکرێ بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد وەکوو بزاڤێکی کۆمەڵایەتی نوێ و سەردەمیانە پێناسە بکەین کە لە ڕەهەندی بەجیهانی بوونەوە هەڵسوکەوت دەکات و لە هەوڵدایە کە لە مەیدانی کردەوەدا کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان ببەستێتەوە بە کێشە جیهانییەکانەوە.

**سەرهەڵدانی بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد**

بە بێ خوێندنەوە و باکگراوندێکی فکری و هەروەها بە بێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوە و هۆکارەکانی ئەو بزووتنەوەیە ناکرێ باس لە ڕەچەڵەك ناسی و شوناسی بزوتنەوەی خوێندکاری کورد بکەین.

سەرهەڵدانی بزاڤی خوێندکاریی کورد لەگەڵ بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئاستی سەرانسەری لە ئێراندا پێوەندییان هەیە، پاش سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق چینێکی مام ناوەند لە کۆمەڵگەی ئێران پێکهات کە ویستی فەرهەنگی و سیاسیی کردە دروشمی سەرەکیی خۆی و هاوکاتیش تێڕوانینێکی ڕەخنەئامێزی سەبارەت بە دۆخی سیاسیی کۆمەڵگە هەبوو. ئەو توێژە تەیار بە چەکی زانست و ڕووناکبیرانە بوو لە وزەی ناوەندە فەرهەنگی و زانستییەکان کەڵکی وەردەگرت و بۆ دەربڕینی خواست و ویستە کەڵکەبووەکان بەکاری دەهێنا.

لەکۆتاییەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوییدا، بزووتنەوە فەرهەنگییەکانی ئەو توێژە پەرەی سەند و نوێنەران و لایەنگرانی بزووتنەوەی خوێندکاری لە زانکۆکاندا خۆیان لە ڕەوتی باوی سیاسی جیاکردەوە و بە خۆدەربازکردن لە ژمارەیەک پێکهاتە کە چاوساغی باڵی سیاسی دەسەڵات بوون، خۆی لە ڕێکخراو و ناوەندە جیاوازەکاندا ڕێك خست، گوتاری زاڵی بزاڤی خوێندکاریی لەو سەردەمەدا چەشنێك بە مۆدێرنیزەکردنی ئایین بوو کە دەیویست جیهانی مودێڕن لەگەڵ چوارچێوەکانی سوننەت و ئایین‌دا بگونجێنێ و بە لەبەر چاوگرتنی ڕێنماییەکانی دین، دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵگا مۆدێڕنیزە و دێمۆکراتیزە بکات.

خوێندکارانی کوردیش بەپێی هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و گرینگتر لە هەموویان دۆخی سیاسی، لە سەرەتای حەفتاکاندا توانیان بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە زانکۆکان بکەن و وەکوو کۆمەڵ و گرووپێکی بەرچاو و دیار لە ناوەندە ئاکادیمیەکاندا حوزوریان هەبێت و هەر لەسەرەتاوە ویستەکانیان کانالیزە کرد و لە چوارچێوەی بزوتنەوەدا گوتارەکانی خۆیان بە گوێی ناوەندە پێوەندیدارەکان دەگەیاند و هاوکاتیش زەقتربوون و بەجیهانی بوونی کێشەی کورد لە ئاستی جیهانی و ناوچەکەدا، خوێندکارانی کوردی زیاتر بەرە و لایەنی کێشە و پرسە تایبەتییەکانی خۆیان هاندا و بوو بە هۆی دەسپێکی ڕەوتی تایبەتی بزاڤی خوێندکاریی کوردی لە شێوازی ناوەند و گۆڤار و گرتنی کۆڕ و کۆبوونەوەی فەرهەنگی و ئەدەبییەکاندا. هەڵەبجە کە هێمای مافخوراوی و بێ‌پشتیوانی نەتەوەی کورد بوو وەکوو ڕەمز و سیمبولێك لەلایەن بزاڤی خوێندکاریی کوردەوە بۆ دامەزراندنی گوتاری نەتەوەیی ـ دێمۆکراتیك لە زانکۆکاندا کەڵکی لێ وەرگیرا و دەورێکی گرنگی لە هاوخەمی و هاوگرتوویی هەموو خوێندکارانی کورد بە زاراوە و بۆچوونی جیاوازەوە لە بۆنە و ساڵیادەکانی ئەو کارەساتەدا، گێڕا.




دامەزراندنی یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

گوتاری بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد بە شەهیدبوونی ئیسماعیل شەریفزادە خۆی لە گوتاری بزووتنەوەی سەراسەریی جیا کردەوە و ئەم گوتارە هەڵگری چەند پەیامێکی نەتەوەیی بوو کە خوێندکاری کورد و بزووتنەوەکەی جیا لە ویستە سینفییەکانی، خواستی سیاسیی ـ نەتەوەیی لە ترۆپکی ویستەکانی دانا و پێداگری لەسەر کردەوە. ئەگەر چی ئێمە شایەتی ئەوەین کە خوێندکارانی کورد لە دەیەکانی ٢٠وە چوونەتە زانکۆ، بەڵام لە سەرەتای دەیەی ٥٠دا بوو کە زانکۆ لە کوردستان درووست کرا و شارەکانی کرماشان و ورمێ میوانداریەتی ناوەندە زانستییەکانیان کرد و خوێندکارانی کوردییان لە باوەش گرت، لە دەیەکانی ٧٠دا ڕێژەی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکاندا ڕووی لە زیاد بوون کرد و بە هاتنە سەرکاری دەوڵەتی بەناو ڕێفۆرم ئەو ڕێژەیە زۆر زیاتر بوو و خواست و ویستەکان پێویستیان بە ڕادیکاڵ بوونتر هەبوو و دروشمەکان بەرەو پێکهاتەشکێنتر دەرۆیشتن و ئەو دامەزراوە نێوخۆییانە بە پێی ئەو هەلومەرج و دۆخە ملیتاریزەی کە تێیدا بوون وڵامدەر نەبوون و هەروەها دەوڵەتی بەناو ڕێفۆرمیش نەیتوانیبوو ویست و خواستی خوێندکارانی کورد بەدی بێنێت، هەر بۆیە لە ٢٣ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوییدا ژمارەیەك لە چالاکانی خوێندکاریی لەنێوخۆ و دەرەوەی وڵاتی ئێران یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان دامەزراند.

یەکیەتی خوێندکاران لەماوەی ١٠ساڵ تەمەنی خۆیدا بە بەردەوامی لەهەوڵی ئەوەدابووە کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پردی پێوەندیی خۆی لەگەڵ خوێندکارانی کورد و خوێندکارانی ئێران پتەوتر بکات و لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە ویستەکانیان کانالیزە بکات و لەپێناویدا هەنگاوی بۆ هەڵبێنێتەوە.

یەکیەتی خوێندکاران هەتا ئێستا لە زۆر بوارەدە هەوڵ و چالاکی نواندووە بەڵام « پەرەپێدان بە گوتاری نەتەوەیی و شوناسخوازیی کورد» لە نێو خوێندکاران و زانکۆکانی ئێران لە بەرنامە و ئامانجە سەرەکییەکانی ئەو ڕێکخراوەیە و بۆ ئەو مەبەستە یەکیەتیی خوێندکاران کارەکانی لە کوردستانی ئێران چڕتر کردۆتەوە و لە تەنیشت ئەو بەرنامەیە، لە هەوڵی بەهێزکردنی ڕێکخستن و کاری تەشکیلاتی لە نێوخۆی وڵات و زانکۆکاندایە و بێ گومان هەتا ئێستا توانیویەتی ئەو ئەرك و بەرنامەیە بەڕێوە ببات و پەرەی پێ بدات.

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێ بە پێی سەردەم و ئاڵوگۆڕەکان بەرەوپێشچوونی بە خۆیەوە بینیوە و دانانی بەرنامەی تەلەویزیۆنی لە تیشك تی‌ڤی، دانانی ماڵپەڕ، گۆڤار، دەرکردنی نامیلکە، چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب بەتایبەت بەرهەمەکانی دکتور قاسملوو و چالاکی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکن لەو هەست بە بەرپرسیاریەتی کردن و هاوتەریب بوون لەگەڵ گوتاری زاڵی بە جیهانیبوون، هەروەها یەکیەتی خوێندکاران بە پێی پرەنسیبی کاری ڕێکخراوەیی هەتا ئێستا چوار کۆنگرەی بەستووە و دەستاو دەست کردنی دەسەڵاتی کردۆتە بنەمای تێکۆشان و ئەرکی ڕێکخراوەیی.

کۆنگرەکانی یەکیەتی خوێندکارانی دێموکرات

ـ ٢٣ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٣ دامەزراوە

ـ کۆنگرەی یەکەم، ٢٧ هەتا ٢٩ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی

ـ کۆنگرەی دووهەم، ٢٦ هەتا ٢٩ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی

ـ کۆنگرەی سێیەم، ٧ هەتا ٩ی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی

ـ کۆنگرەی چوارەم، ٤ هەتا ٦ی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی

# لە یادی ٦٩ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی لاواندا

**فواد خاکی بەیگی**

٣٠ی ڕێبەندانی ئەوساڵ، ٦٩ ساڵ بەسەر دامەزرانی یەکەم ڕێکخراوی تایبەت بە توێژی لاوان، لە ئاستی هەر چوارپارچەی کوردستان تێدەپەڕێت. ڕێکخراوێك، کە لەژێر ڕێنوێنی و ئەندێشە مودێڕنەکانی پێشەوا قازی محەممەد، پاش ڕاگەیاندنی یەکەم کیانی کوردی لە شکڵی کۆماریدا دامەزرا. یەکیەتیی لاوان، لە کاتێکدا دامەزرانی خۆی ڕاگەیاند کە زیاتر لە ٩٠٪ ئەو کەسانەی لە بیاڤی تێکۆشانیدا بوون، نەخوێندەوار و بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و دروستکردنی پردی پێوەندی لە لایەن لاوان و ژنان و ... لەگەڵ دەسەڵات نە تەنیا لە کوردستان ، بەڵکوو لە ناوچەکەشدا نامۆ بوو.

یەکیەتیی لاوانی دێموکرات، وەك ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی لە یەکەم قۆناغەکانی خەبات و تێکۆشانی خۆیدا بۆ وشیار کردنەوەی لاوانی نیشتەجێ لە پانتای دەسەڵاتی کۆمار و گەیاندنی ئامانج و هەڵوێستەکانی، لە نەورۆزی ١٣٢٥ی هەتاوییەوە توانی گۆڤاری « هاواری نیشتمان» لە ژێر چاودێری بەرێز « سدیق ئەنجیری ئازەر» سەرنووسەری گۆڤارەکە وەك زمانحاڵی خۆی چاپ و بڵاوبکاتەوە کە هەنووکەش لە ئاسمانی نووسین و ئەدەبیاتی کوردیدا وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار دەدرەوشێتەوە.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك قوتابخانەیەك بۆ پەروەردەکردنی لاوانی کوردستان لە قۆناغە جیاجیاکانی خەبات و تێکۆشانیدا، بە هەموو چەشنەکانی خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی تێکۆشاوە، لە بەشداری لە خەباتی چەکدارییەوە بگرە تا خەبات و تێکۆشانی لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و دیپلۆماسی و ڕێکخستن و... لە کارنامەی زێڕینی ٦٩ ساڵەی خۆی تۆمار کردووە.

یەکیەتیی لاوان شانازی بە قوتابخانەی فیکری و ڕێکخراوەیی خۆی دەکات کە ڕێبەرێك وە پێشەوا قازی محەممەد لە دامەزرانیدا دەوری بنەڕەتی گێڕاوە و مامۆستای دێموکراسی و پێغەمبەری ئاشتی، کاك د.قاسملوو تێکۆشانی سیاسیی خۆی لەم ڕێکخراوەدا دەستپێکردووە و ئەم ڕێبەرانەش وەك داڕێژەرانی تیۆری پاراستنی بەرژەوەندی باڵای نەتەوە و ڕێزگرتن لە کەرامەت و شەرافەتی مرۆڤ و خەبات بۆ دێموکراسی پێش خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی لە کۆمەڵگای کوردستاندا ،سیاسەت و ئیسراتیژییەکیان بۆ ئەم بزاڤە هێڵکاری کردووە کە تا هەتاهەتایە ڕێبوارانی ئاشتی وئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە شانازییەوە لەو ڕاستە ڕێیەدا ، هەنگاوەکانیان بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان بە بێ هیچ چەشنە ترس و دڵەڕاوکەیەك بەردەوام بە بڕشتەوە هەڵدەگرن.

یەکیەتیی لاوان ، وەك ڕێکخراوێکی دەروەست ، ئەگەرچی وەك ڕێکخراوێکی تایبەت بە توێژی لاوان و بە پشت بەستن بە بڕیار و ڕاسپاردەکانی تایبەت بە تێکۆشانی NGOکان، لە کۆمەڵگادا کار دەکات ، لەو باوەڕدایە کە بە بێ دابینبوونی مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتی فیدراڵ ، دابین بوونی ماف و ئازادییەکانی لاوی کورد و باقی لاوانی نیشتەجێ لە چوارچێوەی جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان ئەستەمە. لەو پێوەندییەدا یەکیەتیی لاوان بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانێت کە لە قۆناغەکانی خەبات و تێکۆشانیدا بەشداریەکی کارای بزوتنەوەی نەتەوەیی – دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان بێت و هاوشان لەگەڵ ئەو بەشداریکردنە، ئەرکی بەدواداچوونە بۆ، خستنە بەر باس و دۆزینەوەی ڕێکاری گونجاو بۆ ئەو کێشەو گرفتانەی کە زۆربەی حەشیمەتی ئێران و کوردستان کە لاوانن لەگەڵی بەرەوڕوون کە خۆی لە:

- هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی لاوان کە «هەست» بکات بە «تێگەیشتن».
- بەرپەرچدانەوەی کردەوەگەلی بە بەرنامە داڕێژراو وەك بڵاو کردنەوەی ماددەی هۆشبەر و نەخۆشی ئیدز و... لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان.
- ئاگادار کردنەوەی لاوان لە کارو چالاکی گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکان.
- هەوڵدان بۆ فێر بوون بە زمانی دایکی و کۆمەڵێك خاڵ و چالاکی دیکە.

یەکیەتی لاوان، لە یادی ٦٩ ساڵەی تێکۆشانی خۆیدا جارێکی دیکە پێداگری دەکات لەسەر پرەنسیپە نەگۆڕەکانی خۆی وەك هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ باقی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات و باقی بەشەکانی دیکەی کوردستان و گرێدانی خەباتی ئازادیخوازنەی خۆی بە خەباتی لاوانی ئازادیخوازی باقی نەتەوەکانی دیکەی وڵاتی ئێرانەوە.

لە کۆتاییدا دەبێ هێما بۆ ئەوە بکەین کە یەکیەتی لاوان بەردەوام بۆ ڕێزگرتن لە بەها و پرەنسیپە دێموکراتیکەکان، کۆنگرەکانی بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستن و ئۆرگانیزەکردنی کارەکانی بە پێی پێڕەوی نێوخۆ هەر ٢ ساڵ جارێك بەستووە و لە داهاتوویەکی نزیکدا و لە ساڵی نوێی هەتاویدا هەشتەمین کۆنگرەی خۆی بەڕێوە دەبات کە هەوڵ دەدات سەرجەم پرۆگرامەکانی ڕۆژانی کاری کۆنگرە بە خوێندنەوەی واقێعبینانەی ڕووداوەکان و باندۆریان لەسەر دۆخی لاوان، هاوتەرازبێ لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ئەمرۆی دونیای مودێڕن و خواست و ئاواتەکانی لاوان وەدی بێنێت.

**یەکیەتیی لاوان شانازی بە قوتابخانەی فیکری و ڕێکخراوەیی خۆی دەکات کە ڕێبەرێک وە پێشەوا قازی محەممەد لە دامەزرانیدا دەوری بنەڕەتی گێڕاوە و مامۆستای دێموکراسی و پێغەمبەری ئاشتی، کاک د.قاسملوو تێکۆشانی سیاسیی خۆی لەم ڕێکخراوەدا دەستپێکردووە**



# خەتەنەکردنی کچان

شنە ساڵحی

لەگەڵ ئەوەی خەباتی ژنان لە جیهاندا چەندین قۆناغی بڕیوە بۆ گەیشتن بە بەشێك لە مافە زەوتکراوەکانیان، بەڵام توندوتیژی دژی ژنان هەر لە بڕەودایە. یەکێك لەو توندوتیژیانەی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە دیاردەی خەتەنەکردنە، کە توندوتیژییەکی فیزیکی جیاوازە لە توندوتیژییەکانی دیکە، چونکە پیادەکردنی زەبرو زەنگە لە دژی تاکێکی مێینەی تازە لە دایك بوو یان منداڵ.

مەبەست لە خەتەنەکردن، بڕینی بەشێکە لە «کۆئەندامی زاوزێ»ی ژنان بە ناوی (کلیتورس) کە بە بڕینی ئەو بەشە هەستی ژنانەی لە نێو دەچێت.

بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نزیکی ١٤٠ میلیون ژن لە جیهاندا خەتەنە کراون و بە پێی ئامارەکانی یونیسێف، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، ساڵانە لانیکەم ٣ میلیۆن ژن و کچ لە تەمەنی منداڵی تا ١٥ ساڵان لە ٢٨ وڵاتی ئاسیایی و ئەفریقایی خەتەنە دەکرێن.

دیاردەی خەتەنەکردن مێژوویەکی دورودرێژی هەیە و تایبەت نیە بە هیچ ئاینێك و لە هیچ کتێبێکی ئاسمانی باس نەکراوە وە دیاردەیەکی دێرینی کۆمەڵگا مرۆییەکانە، هەتا ئێستاش کە سەردەمی بە جیهانی بوون و گەیشتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە بە لووتکەی پێشکەوتن، بەڵام ئەم دیاردەیە هەر درێژەی هەیە بە تایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا.

ژنان جارێکی دیکە بە بیانوی ئایین و سوننەتی بوونی کۆمەڵگا دەبنەوە قوربانی و تاڵیی ئەو ئازارە لە بن نەهاتووەی کە لە تەمەنی منداڵی دەرهەقی کراوە، وەکوو مۆتەکەیەك و سێبەرێکی ترسناك هەڕەشە لە ژیانی دەکات.

کۆمەڵگەی کوردیش کۆمەڵگەیەکە کە بە هۆی بەربڵاویی جوگرافیایی و فرەچەشنیی فەرهەنگی، ناوچە بە ناوچە خاوەنی فەرهەنگێکی تایبەت بە خۆیانن و لە هەندێ ناوچەشدا بە هەندێ هۆکار کە باس کردنیان ئەرکی ئەم بابەتە نییە خاوەنی فەرهەنگێکی شاراوە و داخراون، بۆیە لەو ناوچانەدا باس کردن و وروژاندنی هەندێ بابەت هێڵی سوورە و عەیبە. یەکێك لەو دیاردانەش کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە و ژنان دەبنە قوربانی دیاردەی خەتەنەکردنە و باسکردن لەم دیاردە تا ئێستاش بەو شێوەیەی کە پێویستە باس بکرێت و هەوڵ بدرێت بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە لەو ئاستەدا نییە و خەتەنە کردنی کچان تێیدا باوە لەگەڵ ئەوەی دیاردەیەکی وەرگیراوە، ئەگەر بڵێین ئەم دیاردە دزێوە لە کۆمەڵگادا نەماوە ڕاست نییە، بەڵام بەخۆشییەوە بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری دایك و باوکان و هەروەها کۆمەڵگای کوردی کەم ڕەنگ کراوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەردەوامە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەسەڵات و ڕێکخراو و بنیات و چالاکڤانانی ژنان کار و چالاکیەکانیان تەنیا لە ٦ ی فێوریەدا چڕتر دەکەنەوە و مخابن دواتر کارەکانیان کەم و کەم ڕەنگ تر دەبێتەوە و کارو چالاکیەکانیان بەردەوامی نابێت و زەرەرو زیانەکانی ئەو دیاردەیە باسی لێ ناکرێتەوە.

هەروەها ئاشکرایە کە تاکەکانی کۆمەڵگا بە ئاسانی قبووڵی ئەو کەسانە ناکات کە لەسەر داب و نەریتەکانی ئەم کۆمەڵگایە ناڕۆن و بۆیە بە کەسێکی لادەر یان نامۆ لە کۆمەڵگادا سەیر دەکرێن، لە لایەکی دیکەوە ئایین و تاکەکانی کۆمەڵگاش تا ئێستا دەرکیان بە زیان و ئاسەوارەکانی خەتەنە نەکردووە لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی کچی خەتەنەکراو.

پێویستە دەسەڵات و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان هەنگاوێکی جێدی هەڵبێنن بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە جا چ لە دەرکردنی یاسایەك بێت یا هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە و دامەزراوەی خێزان، هەروەها بوونی سیستمێکی پەوەردەیی مۆدێرن و شارستانی و پاڵپشتی میدیایەکی کارا کە دەبنە پاڵپشت و میکانیزمی نوێ بۆ بنبڕکردن و ڕووبەڕووبونەوەی دیاردەی خەتەنەکردنی مێینە.




# پارێزگاری سنە و وتووێژەکەی لەگەڵ ڕۆژنامەی «شەرق»دا

شەماڵ تەرغیبی

«ڕوانینەکانم بۆ کوردستان گەشەپێدەرانەیە، پرسی کار و پیشە، ژێرخانەکانی وەك ڕێگە و بان، ڕێگەی ئاسن، ئاو، کەرتی کشتوکاڵ، کەرتی بەرهەمهێنان و فەرهەنگی خەڵکی کوردستان لە بەرنامەی مندایە». ئەمانە چەند بەشێك لە قسە و وادە و بەڵێنەکانی عبدولمحەممەد زاهێدی پارێزگاری سنە لە ڕێکەوتی ١٠ی سەرماوەزی ساڵی ٩٢ە کە بە هەواڵدەریی فارسی گوتووە. یەك ساڵ دواتر و لە ڕێبەندانی ساڵی ٩٣ ئەم پارێزگارە بە ناو ئیسلاح خوازەی کابینەی «تدبیر و ئومید» لە وتووێژێك لەگەڵ ڕۆژنامەی «شەرق» وێڕای دووپات کردنەوەی هەمان قسە و باس، دڵێت: تا ئێستاش ڕوانینی ئەمنیەتی بۆ ئەم پارێزگایە هەیە و ئەمەش دەکاتە بیانوو و پاساوێك بۆ جێبەجێ نەبوونی وادە و بەڵێنەکانی. لە هەمان وتووێژدا ناوبراو بۆ چەشنێك لە خۆش خزمەتی نیشاندان، هەوڵ دەدات قولاپەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیونی کوردستان بگرێت و دەڵێت: حیزبەکانی کوردستان (کە ناوبراو وەك گرووپی کوردی ناویان لێ دەبات) هیچ مەترسییەکیان نییە و هۆکارەکەشی بۆ بێ توانایی ئەو حیزبانە دەگێڕێتەوە. لێرەدا هەوڵ دەدرێت هەرچەندە بە کورتیش بێت وەڵامێك بۆ ئەم لێدوانە چەوتانەی عبدولمحەممەد زاهێدی بدەینەوە. پرسی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری لە کوردستانی ئێران و سەرجەم ئەو ناوچانەی کە نەتەوەکانی ئێران تێدا نیشتەجێن، پرسێکی دوو لایەنەیە و لە دوو سۆنگەوە پێویستی بە تاوتوێکردن هەیە: یەکەم خودی دەسەڵاتی ناوەندی و سیاسەتە هەڵاواردن ئامێزەکانی دەسەڵات و دووهەم نەتەوەکانی ئێران کە خاوەنی کەمترین ڕۆڵ لە دەسەڵاتی سیاسین و بەردەوام بوونەتە ئامانجی هەڵاواردنی دوفاقی و سیستماتیکەکانی نەتەوەی باڵادەست. ئەو هەڵاواردنانە لە ٣ بیاڤی سەرەکیدا جێگەی مشت و مڕ و لێکدانەوەیە: بیاڤی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی ـ فەرهەنگی.

نایەکسانییە ئابوورییەکان: لە باری پیشەسازی و بەرهەمهێنان و ئابووریدا ناوچە کوردنشینەکان خاوەنی کەمترین گەشەی ئابووری بوون و هەن. بۆ نموونە لە بەرنامەی ٥ ساڵی یەکەمدا واتە ساڵانی ٦٨ تاکوو ٧٢ زۆرترین بەش لە بوودجە بۆ بەشی (پیشەسازییەکان) بۆ پارێزگای ئێسفەهان بووە کە بریتییە لە ٥٠٪ بەڵام١٠ پارێزگای ئێران لەوانە، ئیلام و کرماشان و سنە و ورمێ لەم بوودجەیە تەنیا ٨٪یان وەبەر کەوتووە.

هەر لەو کاتەدا پشکی پارێزگای سنە لە بوودجەی گشتی وڵات تەنیا١,٩٪ بووە کە بە بەراورد لەگەڵ پشکی پارێزگاکانی دیکە هەر جێگای باس کردن نییە.

نایەکسانییە سیاسییەکان: بە پێی یاسا و ڕێساکانی کۆماری ئیسلامی، بەرپرسایەتییە باڵاکان لە ئێراندا تەنیا دەبێ لە نێوان پاوانی تاقمێکی دیاریکراودا بێت. بۆ وێنە لە ئەسڵی ١١٥ی یاسای بنەڕەتی ڕێژێمدا هاتووە کە هیچ تاکێکی سوننی مەزهەب ناتوانێ ببێتە بەبژێری سەرکۆماری. بەم پێیەش هەموو خەڵکی پارێزگای سنە و لانی زۆری خەڵکی پارێزگای ورمێ و سیستان و بەلووچستان و بەشێکی بەرچاو لە دانیشتووانی ٢ پارێزگای کرماشان و ئیلام لەم مافە سیاسییە بێبەشن. ئەگەر بە خێراییش ئاوڕێك لە تەمەنی حکوومەتی ئیسلامی بدەینەوە دەبینین کە لە ساڵی ٥٧بەملاوە هیچ پۆستێکی گرینگی سیاسی لەوانە وەزیر، جێگری وەزیر یان سەرۆکایەتی ڕێکخراوێکی گرینگی حکوومەتی بە سوننیەکان نەدراوە و بەشداریی پێکردنی سوننیەکان و بە تایبەتی کوردەکان لە چارەنووسی سیاسی وڵاتدا لە ئاستیکی زۆر زۆر کەمدا بووە.

نایەکسانی کۆمەڵایەتی ـ فەرهەنگی: دوو بیاڤی پێشوو (بیاڤەکانی سیاسی و ئابووری) وێکڕا بوونەتە فاکتەرێکی گرینگ بۆ گەشەنەسەندن و لە هەمان کاتیشدا ڕێگە خۆشکەر بۆ هەڵاواردن لە دژی گەلی کورد لە بیاڤی فەرهەنگی کۆمەڵایەتیدا. سەرەڕای ئەوەیکە فرەیی کولتوور نیشاندەری دەوڵەمەندی فەرهەنگییە و لە وڵاتانی پێشکەوتوودا وەك کارتێك لەمەڕ بەهێزکردنی فەرهەنگی گشتی کەڵکی لێ وەردەگیرێت لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا جۆراوجۆری کولتوور بە هێڵی سوور و مەترسییەك بۆ سەر دەسەڵات پێناسەی بۆ کراوە و هەوڵەکان لە باتی گەشەپێدانی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە ناوچە کوردنشینەکاندا زیاتر لە ڕاستای ئاسمیلە کردن و سڕینەوەی شۆناسی فەرهەنگی نەتەوەیی لە پارێزگا کوردنشینەکاندا بووە.

ئێستا لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ جەنابی پارێزگاری سنە، سەرباری بوونی ئەم واقیعە دڵتەزێنانە بە چ شێوازێك دەیهەوێت ئەم پارێزگایە ببووژێنێتەوە و گەشەی پێ بدات؟ جگە لەمەش کارنامە کاری ئەم بەڕێزەش دەریدەخات کە چەندە لە جێبەجێ کردنی وادە و بەڵێنەکانی بێ توانایە کە بەشێك لەم بێ تواناییەیش بۆ بەربەستە یاسایی و سیاسییەکانی حکوومەتە خۆشەویستەکەی دەگەڕێتەوە!! دەنا ئەگەر وا نییە بۆ ئەو کاتانەی کە لە پارێزگاکانی ئیلام، سیستان و بەلووچستان، کرماشان، مەرکەزی و چوارمەحاڵ و بەختیاریدا پۆستێکی گرینگی وەك پارێزگار و جێگری سیاسی پارێزگای لە ئەستۆ بوو هیچ هەوڵێکی ئەوتۆی بۆ چارەسەری کێشەکان و بووژانەوەی ئەو پارێزگایانە نەداوە؟ وەڵامەکەی زۆر ڕوونە زاهێدی و زاهێدییەکان لە ئێراندا تەنیا جێبەجێکاری بڕیاراتی سەرەوەی خۆیانن و بەس.

بەڵام لە بەشی دووهەمی قسەکانیدا، ئاغای زاهێدی پەلاماری حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزێسیونی کۆماری ئیسلامی داوە کە پێویستی بە هەڵوەستە کردنە. ناوبراو دەڵێ: حیزبە کوردییەکان هیچ مەترسییەکیان نییە و ئەمەش بۆ بێ توانایی ئەوان دەگەڕێتەوە. پێش لە هەموو شتێك پێویستە وەبیر ناوبراو بهێنینەوە کە حکوومەتە دڵخواز و جێگەی پەسەندی ئاغای زاهێدی لە ترسی توانا و هێزی ڕێکخستنی حیزب و لایەنە سیاسییەکان و بە تایبەتی حیزبەکانی کوردستان ئیزنی گەشە و چالاکی هیچ حیزبێکی سەربەخۆ نادەن تاکوو بێ هێزی یان بەهێزبوونیان دەرکەوێت. جگە لەمەش ئەگەر مەبەستی ناوبراو کاڵبوونەوەی خەباتی چەکداری لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانە ئەوە پێویستە بە ناوبراو بگوترێ کە کەمڕەنگ بوونەوە یان ڕاوەستاندنی خەباتی چەکداری حیزبەکان نەك بە هۆی ترس لە ڕێژیمی ئاخوندی بەڵکوو بە هۆی لە بەرچاوگرتن و پاراستنی بەرژەوندییە باڵا نەتەوەییەکان بەتایبەت لە هەرێمی کوردستانی عێراقە کە ئەم شێوازە لە خەباتیان بە شێوەی کاتی وەلاناوە و لە هەر دەمێکدا کە بە گونجاو و پێویستی بزانن دەکرێ وەك شێوازێکی ڕەوای خەبات کەڵکی لێ وەربگرن. بەڵام جیا لەم پرسەش ئەگەر باندۆر و کاریگەری ئەم لایەنە بە قەوڵی ناوبراو بێ توانایانە نەبێت، بۆچی ناوە ناوە هەڵدەکوتنە سەر هاووڵاتییانی کوردستان و تۆمەتی ئەندامەتی لە حیزبە کوردییەکانیان لێ دەدەن و حوکمی زیندانی قورسیان بە سەردا دەسەپێنن؟ جیا لە هەموو ئەمانەش ئەگەر ناوبراو ئاوڕێك بداتەوە لە پووشپەڕی ساڵەکانی ٨٤ و ٨٨ یان مانگرتنی سەرتاسەری بانەمەڕی ٨٩، ڕەنگە ڕوانگەی لە ئاست کەتوارەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و کاریگەری حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن بگۆڕدرێت!!

جیا لەم هەموو باس و خواستانە قسەکانی پارێزگاری سنە بۆ ڕۆژنامەی شەرق چەشنێك لەپارادۆکسیشی تێدا بەدی دەکرێت. لە لایەکەوە دەڵێ حیزبە کوردییەکان هیچ مەترسییەکیان نییە و لە لایەکی دیکەشەوە باس لە بوونی ڕوانینێکی ئەمنیەتی بۆ پارێزگای سنە دەکات. ئەگەر وەها گریمانە بکەین کە قسەی ئەم بەڕێزە لە سەر حیزبەکان ڕاست بێت کەواتە ئەو ڕوانینە ئەمنیەتیە بۆ کوردستان و بە تایبەت پارێزگای سنە بۆ خەڵکی کورد دەگەڕێتەوە نەك بۆ حیزبە کوردییەکان بە واتایەکی دیکە ئەوە خەڵکی کوردستان و گەلی کوردە کە جێگەی مەترسییە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی حکوومەتی.



# شانۆی دانووستانی ئەتۆمی و سەرکۆمارەکانی ئێران

**عارف وەڵزی**

لە هەموو سیستەمێکی کۆماریدا، سەرکۆمار خاوەنی دەسەڵاتی تەواوی بەڕێوەبەری و پێگەی بەهێزی سیاسی لە نێو ناوەندەکانی بڕیاردان و جومگەکانی حکوومەتدا هەیە و بە گشتی بەڕێوەبەری سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوی وڵاتەکەی خۆیەتی. بەڵام بە درێژایی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران، هەمیشە سەرکۆمار لەم وڵاتەدا مۆرەیەکی بێ دەسەڵات بووە کە تەنیا لە کاتی پێویستدا وەکوو کارتێك لە لایەن ڕێبەرییەوە کایەی پێ کراوە و بەکار هاتووە و ئەوەیکە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی و نیزامی و ئابوورییە لە وڵاتدا و هەموو جومگەکانی خاوەن ڕۆڵ و لەسەرووی هەموویان دەزگا ئەمنی و ئیتلاعاتییەکان و هەروەها داڕێژەری سیاسەتەکانی دەرەوەیە، نوێنەری خوا لەسەر گۆی زەوی، واتە ڕێبەری ئەم نیزامەیە.

لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧وە، دەبینین کە سیاسەتی هەڵە و سەرکوتکەرانە و کپکردنی دەنگی نەیاران لە نێوخۆی وڵات و هاوکات سیاسەتی هاندان و دەستێوەردان و پاڵپشتیی گرووپە بناژۆخواز و تیرۆریستیەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان و ناوچەکە، ماوە بە ماوە سەرهەڵدانی دەنگی نارازی لە نێوخۆی وڵات و دژکردەوەی ناوەندە جیهانییەکان و وڵاتانی زلهێزی لە کەوتۆتەوە.

لەم کاتانەشدا کۆماری ئیسلامی تا ئەو جێگایەی بۆی کرابێت لە ڕێگەی دام و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی و بە گرتن و کوشتن و ئەشکەنجە، دەنگە نارازییەکانی بۆ ماوەیەکی کاتی بێدەنگ کردووە، بەڵام هەر کات گۆمانی لە توانای خۆی و ڕێژەی زۆری خەڵك و دەنگی نارازی بووبێت و هەستی بە مەترسی درووست بوونی شەپۆلێکی دەنگی نارازی لە سەر ئاستی نێوخۆ و جیهان کردبێت، هەستاوە بە ڕێکخستنی شانۆیەك کە قارەمانەکەی، دیسان مۆرەیەکی سەر بە ویلایەتی فەقیهـ بووە، بەڵام بە سیمایەکی نوێ و هەڵخەڵەتێنەر تا وەکوو لە پۆستی سەرکۆماریدا، هەر درێژە بە سیاسەتەکانی ڕێبەری نیزام بدات و بڕیار و فەرمانەکانی بێ ئەملا ئەولا جێبەجێ بکات. بۆیە دەبینین کە هەمیشە سەرکۆمارەکان بە دروشمی بریقەداری وەك سەرداری ئاودانکردنەوە و وتووێژی تەمەدونەکان و خۆشویستن (مێهرووەرزی) و هیوا و چاکسازی و ... هتد، لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بە وادە و بەڵێنی ناڕاست و درۆی وەك پووڵی نەوت و هەرزان کردنی نرخی پێداویستیەکانی ژیان و کرانەوەی کۆمەڵگا لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ... هتد بە خەڵك، و هەروەها بە سوود وەرگرتنی لە هەستی خەڵکی وەزاڵە هاتوو، سواری ئەم شەپۆلانە بوون و شەپۆلەکانییان وردە وردە بەرەو کەنارەکانی ئارامی بۆ ڕێژیم ڕێنوێنی کردووە.

دووایین شانۆگەریی کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردنی دەوری یازدەهەمی سەرکۆماری بوو کە تێیدا حەسەن ڕۆحانی بە سیمایەکی ڕیفۆرمخوازەوە هاتە سەر سەحنە و بە دانی کومەڵێك دروشم و وادەی ڕەنگاورەنگ بە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و کەمایەتییە نەتەوەیی و ئاینییەکان بە گشتی و باشتر کردنی دۆخی دارماوی ئابووری ولات و ڕزگارکردنی ولات لە گەمارۆ ئابوورییەکان و لەسەرەوەی هەموویان هەوڵدان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کەیسی ئەتۆمی ئێران و کۆمەڵێك وادەی بێ بنەمای دیکە، لە سندووقەکانی دەنگدان هاتە دەرێ.

کەچی لەوکاتەوە دەبینین کە نەك هەر لەسەر ئاستی نێوخۆی وڵاتدا هیچ گۆڕانێك نەهاتۆتە ئاراوە و سیاسەتی دەسەڵات بەرانبەر بە گەلانی ئێران هەر هەمان سیاسەتی پێشوویە، بگرە ڕێژەی گرتن و ئەشکەنجە و لەسێدارەدانەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و لەسەر ئاستی دەرەوەش، سەرەڕای هەوڵی زۆری کۆمەڵگای جیهانی بۆ ڕێگرتن لە دەستێوەرانەکانی ئەم وڵاتە لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی دیکە و هەروەها بە ئەنجام گەیاندنی دانووستانە ئەتۆمییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ٥+١، بەڵام تا ئێستا ئێران لە سیاسەتەکانی خۆی بەردەوامە و دانووستانەکان هیچ دەسکەوتیان نەبووە و وێدەچێ کە، ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە درێژەدانی دانووستانەکان تەنیا کوشتنی کات و گرتنی بۆڵی زیاتر بێ.

دوایین لێدوانی سەرکۆمار حەسەن ڕووحانی کە لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ئەم ساڵ واتە ٣٦مین ساڵڤەگەڕی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران کە لە تاران پێشکەشی کرد، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە، سەرەڕای نیشاندانی هەندێك جیاوازی بیروڕا لە نێوان باڵی پاوانخواز و بناژۆخوازی خامنەیی و لایەنگرانی و باڵی سەرکۆمار و بەناو ڕیفۆرمیستەکانی نێو دەسەڵاتدا، ستراتێژی هەردوو باڵ لە کۆتاییدا هەر کات کڕین و گەمە کردنە بە دونیای دەرەوە.

چوونکە حەسەن ڕووحانی لە بەشێك لە قسەکانیدا سەرەڕای دژایەتی کردنی باڵی توندڕەی نیزام لەگەڵ ڕێکەوتنی ژنێڤ، درێژەدانی دانووستانەکان و ڕێکەوتنی دووقۆناغیی بە دەسکەوت نیشاندا و هاوکات، دژبەرانی درێژەدانی ڕەوتی دانووستانەکانیی بە خەیانەتکاری پشتی جبهەکان لە قەڵەم دا و بە سێهیوونیست شۆبهاندییانی.

بەڵام لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا هەر وەك ساڵەکانی سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی دیسان بە توندی دەڵێت «نە ڕۆژهەڵات نە ڕۆژئاوا، تەنیا کۆماری ئیسلامی» و هاوکات ناڕاستەوخۆ هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ئەگەر بێت و دانووستانەکان بە ئەنجام نەگەن، ئەوە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاشتی بە خۆیەوە نابینیت و تەنیا ڕێگەی بنبڕکردنی تیرۆر و توندووتیژی لەم ناوچەیە، بوونی کۆماری ئیسلامییە، بۆیە ئەو دانووستانانە بە قازانجی دونیان و باشتر وایە بە باشی کەڵکی لێ وەرگرن.

بۆیە ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیش چەن ڕۆژ پێش لە وتەکانی ڕووحانی ڕایگەیاندبوو کە من لەگەڵ ڕێکەوتنی خراپ نیم و ئەگەر بڕیار وایە کە ڕێکەوتنێك هەبێت، باشتر وایە کە ڕێکەوتنی یەك مەرحەلەیی بێت و مژارە گشتی و وردەکارییەکانی لێك جیا نەکرێنەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە سەرەڕای هەبوونی هەندێك جیاوازی لەمەڕ چۆنییەتی بەڕێوەچوونی دانووستانەکان، بەڵام ئامانج و ستراتێژی هەردوو لایەن هەر یەك شتە لە ڕاستیدا دوو ڕووی یەك سکەکەن.

# کۆنفرانسی نێونەتەوەیی موونیخ و گرنگی بۆ دۆزی کورد

**کەیهان یووسفی**

مانگی فێورییەی هەموو ساڵێك هۆتێل بایرشێرهۆفی شاری موونیخی ئاڵمان میوانداری بەرپرسانی باڵای سیاسی و سەربازی وڵاتانی جیهان دەکات بۆ بەڕێوەبردنی کۆنفرانسێکی ئەمنیەتی لە ژێر ناوی «کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ئەمنیەتی موونیخ».

ئەمساڵ ٥١مین کۆنفرانس بە بەشداری ڕێبەرانی ٢٠ وڵاتی جیهان، وەزیری کاروباری دەرەوەی ٥٠ وڵات و ٤٠٠ کەسایەتی نێونەتەوەیی لە ڕێککەوتی ٦ی مانگی فێورییە و بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

گەرچی ئەم کۆنفرانسە دەسەڵاتی بڕیاردەرکردنی نیە، بەڵام خاوەن گرنگیەکی تایبەتە لە ئاستی جیهاندا. زانستگەی پێنسیلوانیای ئەمریکی لە ساڵی ٢٠١٤ی زایینیدا کۆنفرانسی ئەمنیەتی موونیخی وەکوو باشترین ژووری فیکر بە چەشنی کۆنفرانس لە جیهاندا ناساند.

گرنگی باسەکانی ئەم کۆنفرانسە و چاوپێکەوتنەکانی پەراوێزی گرنگیەکی تایبەت بەم کۆنفرانسە دەدەن.

قەیرانی وڵاتی ئۆکراین، ئاڵۆزی و نائارامی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، سەرهەڵدانی داعیش، تیرۆریزم، ئەلقاعیدە، کێشەی ئاوارەکان، ڤایرۆسی ئیبۆلا، پرۆگرامی ناوکی کۆماری ئیسلامی ئێران و ... تەوەرە سەرەکیەکانی باس و گفتوگۆکانی کۆنفراسنی ئەمساڵ بوون.

جیاوازی کۆنفرانسی ئەمساڵ بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو، بەشداری شاندی هەرێمی کوردستان و هەڵواسینی ئاڵای کوردستان لە تەنیشت ئاڵای وڵاتانی دیکەی جیهان بوو.

شەڕ دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا (داعش) لە ماوەی چەن مانگی ڕابردوودا پێگەیەکی تایبەتی بە کورد داوە لە ئاستی جیهاندا. بەشداری لەم کۆنفرانسەدا بۆ شاندی کوردی دەتوانێت لە سێ ڕەهەندەوە خاوەن گرنگی بێت.

یەکەم، بەشدار بوونی شاندێکی کوردی لە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییدا دەتوانێت ئاکام و دەستکەوتی دیپلۆماتیکی زۆری بە دواوە بێت و پێگەی هەرێمی کوردستان زیاتر لە جاران بە هێزتر بکات.

دووهەم، ئەم کۆنفرانسە دەرفەتێکی باش بوو بۆ شاندی هەرێم بۆ چاوپێکەوتن و دیدار لە گەڵ گەورە بەرپرسانی باڵای جیهان و باسکردن لە پێداویستیەکانی هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ تیرۆریستان و ناردنی پشتیوانی و چەك و چۆڵ بۆ هەرێمی کوردستان، کە بە پێی لێدوانەکانی بەرپرسانی هەرێم ئاکامی ئەرێنی بۆ کوردستان بە دواوە بوو.

سێهەم، باسکردن لە دۆخی خراپی ئاوارەکانی نیشتەجێی هەرێم کە دوای شەڕی سووریا و هێرشی داعش ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد بوو و ڕاچڵەکاندنی دیسانەوەی بیروڕای جیهانی و وڵاتانی دنیا بۆ فریاکەوتنی ئاوارەکان.

دەتوانین بڵێین کە لە ٣ ساڵی دوایی بەم لاوە کێشەی کورد لە وڵاتانی تورکیا، سوریا و لەم دواییەش هەرێمی کوردستان و عێراق پێی ناوەتە نێو قۆناغێکی نوێیەوە. بەشداریکردن لە وەها کۆنفراسگەلێك و ڕاکێشانی پشتیوانی نێونەتەوەیی بۆ دۆزی کورد دەتوانێت داهاتوویەکی گەش بۆ دۆزی کورد لە ناوچەکە دیاری بکات. ڕاستییەکی سەلمێنراو بۆ گشت جیهان لەمڕۆدا ئەوەیە کە سینگی کوردەکان بۆتە قەلغانی بەرووڕووبوونەوە لە بەرانبەر دڕندەترین ڕێکخراوی توندڕەوی تیرۆریستیی جیهان، هەر بۆیەش کورد ئەمڕۆ لە قۆناغێکی هەستیار و نوێدایە کە ئیدی گەڕانەوەی بۆ خاڵی سفر و بۆدواوەی نیە و هەنووکە ئەکتەرێکی سەرەکی گۆڕانکارییەکانە لە ناوچەکە. گەرچی دەستی شاراوەی زۆر هەیە کە دەیهەوێت ڕۆڵگێڕی کورد لاواز بکات و تووشی کارەسات و نەهامەتی زیاتری بکاتەوە، بەڵام ئەوەیکە ئەمڕۆ لە ئارادایە و بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ئەم دۆخە و ئەم قۆناغە، قۆناغی کورد و کوردستانە.

مەترسییەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان هێشتا هەر بەردەوامە. بە هێز بوونی هەرێمی باشووری کوردستان بە واتای لاوازبوونی دەسەڵاتی ناوەندی عێراق و ئەمەش لە لای هاوپەیمانی سەرەکی دەسەڵاتی ناوەندیی عێراق لە ناوچەکە واتا ئێران جێی قەبووڵ نیە. هەر بۆیەش ئێمە ڕۆژانە هەڕەشەی هێزە میلیشیا شێعەکانی بەستراوە بە ئێران بۆ سەر ئاسایشی هەرێم دەبینین و هەروەها لە کەس شاراوە نیە کە ئاراستە کردنی هێرشەکانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، دەستی ئێرانی تێدا هەبوو، ئەگەرچی خۆی بە پشتیوانی هەرێم و کوردەکان پێناسە دەکات بەڵام ئێران خەریکە قومارێکی دوو ڕەهەندە دەکات کە دەیهەوێت براوەکەش تەنیا خۆی بێت.

لە لایەکی دیکەوە بە هێز بوونی دەسەڵاتی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان جێی پەسەندی حکوومەتی تورکیە نیە و بێ شك سەقامگیری حکوومەتی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان کاریگەری لە سەر باکووری کوردستانیش دەبێت و هەروەك بەرپرسانی ئەم وڵاتە ڕایانگەیاندبوو بە هیچ شێوەیەك هەرێمی کوردستانی باشوورێکی دیکە لە ڕۆژئاوا قبووڵ ناکەن.

پشتیوانی نێونەتەوەیی لە کوردەکان و بەتایبەت باشووری کوردستان و ڕۆژئاوا لەم دۆخەدا دەتوانێت کاریگەری و باندۆڕی هێزە ناوچەییەکان کەمتر بکاتەوە و گەرەنتیەکی بە هێز بۆ کوردەکان دروست بکات. بەم پێیەش بەشداری شاندی کوردی لە موونیخ و لەم هەلومەرجەدا دەتوانێت خاوەن گرنگیەکی زۆر بێت و دەبێت لە دەلاقەیەکی کوردییەوە بۆی بڕوانین، لە دەلاقەی گشت بێ کەسی و نەهامەتیەکانی هەموو ئەو ساڵانەی کە کورد و دۆزی کورد بێ پەنا و بێ پشتیوان بوون.

## جووت حەوت



### هەوراز

ـ کابرایەك میوانی ماڵێك دەبێت. منداڵی خاوەن ماڵەکە لە دیوی میوان لەگەڵ باوکی و براگەورەی و میوانەکە دانیشتووە. لە پڕێکدا دەنگێك لە خانەخوێ بەر دەبێتەوە. کابرا بۆ ئەوەی میوان شکی لێ نەخات، زللەیەك لە منداڵەکە دەدات و پێی دەڵێ: «هەستە بڕۆ دەرێ. دەی!». دوای ماوەیەك دەنگێك لە برا گەورەکە بەر دەبێتەوە و هەر بەو شێوەیە منداڵی بەستەزمان وە بەر شەپاڵان دەدات. زۆری پێ ناچێت نۆرەی میوانەکەش دێت و ئەویش کە پێی وایە بۆ ئەوەی نێوانیان لەگەڵ خانەخوێ برایانەتر بێت، دەبێ داب و نەریتی ئەو ماڵە بپارێزێت، هەڵدەستێ و بە شەق و زللە بەر دەبێتە گیانی منداڵی قوڕبەسەر.

ئەمە چیرۆکی هێندێك لایەن و کەسایەتیی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی و ئێرانییە کە خۆیان لە هەموو باسێکی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی هەڵدەقورتێنن و بە زۆر دەیانهەوێ خۆیان لە نێو کورتانی ویلایەتی فەقیە بخزێنن تاکوو ئایەتوڵڵایەکی ئێکسپایەر یان حاجی پاسدارێکی زیندانیکراو ئاوڕێکیان لێ بداتەوە و لەگەڵیان ببێتە پسمام، تاکوو بە خەیاڵی خۆیان لە تاران ببنە بەشێك لە ڕۆژەڤی سیاسی. بیانووی ئەم جەماعەتە ئەوەیە کە: «دەمانهەوێ کەلێنیان تێ بخەین!!!!» یان «کۆماری ئیسلامی وەك هەموو سیستمێکی دیکە چاك و خراپی تێدایە و ئێمە دەبێ لەگەڵ لایەنێك بکەوین دژ بە ئەوی دیکە» و لەم چەشنە خەیاڵپڵاوانە.

بۆ نموونە، ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا لە ئەحمەدی‌نژاد هەتیوتر هەر خۆیەتی و حەمەڕەزای ڕەحیمی. هەر کەس لەو لاوە دێت، شەپاڵێك، شەقێك، تیرێك، توانجێکی تێ دەگرێت و دەبێتە قارەمانی ساحەکە.

جەماعەتی بەیتی ئاغا هەرچی دۆسیەی دۆڕاوی سیاسی و گەندەڵیی خۆیانە دەڵێن خەتای ئەو عەنتەرە بوو. جەماعەتی ئوسوولگرا و پاسداران دەڵێن ئەحمەدی نژاد زەربەی لە ئوسوولگرایی و پرێستیژی سپای پاسداران و نیزامی ئیسلامی داوە. جەماعەتی کەڕووبیست و مووسەویچی و سەبزوڵڵاهی دەڵێن ئەگەر ساڵی ٨٨ ئەحمەدی نژاد نەبوایە بە سەرکۆمار، ئیران ئێستا لە بەنگلادیش (بەڵێ! ئاخۆ دەڵێن بەنگلادیش هەموویان دوکتۆرن) پێشکەوتووتر بوو. وەنەوشەکانی ڕووحانی کە قەرار بوو بە ١٠٠ ڕۆژ هەموو کێشە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی ئێران چارەسەر بکەن، لە ئێستاوە وەڵامی هەموو شکستەکانیان ئەوەیە کە ئەم بەردەی ئەحمەدی‌نژاد خستوویەتە بن زێراوەکە، بە عاباکەی حەزرەتی ئیمامیش دەر نایەت و گوایە تا هاتنی ئەحمەدی نژاد لە کۆماری ئیسلامیدا هیچ تاوان و گەندەڵییەك نەبووە و لە دوای ئەویش نابێت. ئەمانە هەمووی کێشەی نێو بنەماڵەن و پێوەندیی بە خۆیانەوە هەیە، بەڵام هێندێك کەس یان لایەنی ئۆپۆزیسیۆن بۆ ئەوەی لە هاوکێشەکاندا ناویان دیار بێت، خۆیان بە لایەنێکی ڕێژیمەوە (بۆ نموونە ڕۆحانی) هەڵدەواسن و لایەنی دیکە (بۆ نموونە ئەحمەدی نژاد) دەدەنە بەر شەپاڵی تانە و توانج و لە خۆیانەوە هاوار دەکەن: «ما سە نفر را کجا می‌برید؟». کەسێك نیە پێیان بڵێ: «عەموو! کێ لەگەڵ تۆی بوو؟ کەی داوای نێوبژیوانییان لە تۆ کرد؟ تۆ کە بۆ زەماوەند بانگهێشت نەکراوی، بۆ پێت وایە بووکت پێشکەش دەکەن؟ کە بانگهێشتیش کرای، کەی وتیان لاقت درێژ بکەرەوە و بە کابانی خانەخوێ بڵێ گوڵێ گیان! چایی هەیە؟».

ـ وتەی بەنرخی ئەم جارە هیی ئاغای خامنەییە کە دەڵێ: « لە کۆماری ئیسلامیدا تا ئێستا هەرگیز هەڕەشە یان سووکایەتی یان دەستدرێژییەك لە لایەن موسڵمانانەوە نەکراوەتە سەر ناموسڵمانان». ئەم کابرایە یان خەڵکی پێ وانێکە، یان بەهایی و جوولەکە و تازە مەسیحی و یارسانی و گۆنابادی و ئاتەئیست بە موسڵمان دەزانێت (کە لەو حاڵەتەدا هەرچییان بە سەر هاتبێت قەیناکا چوونکە لە بەر ناموسڵمانی بە سەریان نەهاتووە) یان شوێنکەوتووانی خۆی بە ئیسلام نازانێ کە هەرچییان کردبێت ناچێتە کارنامەی ئیسلامەوە. لەوانەشە ئاغا کوشتن و زیندانیکردن و بە مورتەد لە قەڵەم دان و تێکدانی قەبرستانەکان و تاشینی زۆرەملیی سەر و سمێڵیان و دەکردنیان لە زانکۆ و ئیدارەکان بە هەڕەشە و سووکایەتی و دەستدرێژی نەزانێت، کەوابوو کێشەکە حەللە و دەبێ بڵێین فەرمایشتەکەی لەگەڵ هەقیقەت وەك گوێی کەر جووتن.

ئاغا هەر وەها دەڵێ: «موسڵمانان لە ئورووپا و ڕۆژئاوا ئەمنیەتی گیانییان نیە». ڕاستیش دەڵێ، بەڵام نازانم لە بەهەشتەکەی جەنابیان و دەوڵەتە ئیسلامییەکانی دیکەدا چ باسە کە موسڵمانان پۆل پۆل بەرەو شوێنێك هەڵدێن کە لەوێ گیانیان لە مەترسیدایە؟

# دەوڵەتی سێبەر

ن: ئیبراهیم قاسمی زاد
و: هیوا میرزایی

دەوڵەتی سێبەر دەستەواژەیەکە کە بۆ دامەزراوە کاریگەرە سیاسی و ئابوورییەکانی دەرەوەی دەوڵەتی فەرمی یان هاوتەریب لەگەڵ ئەودا بەکار دەبردرێ. دەوڵەتی سێبەر دەتوانێ لە پاشماوەکانی دەوڵەتەکانی پێشوو و یان لە ئاکامی کردەوەی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەمەڕ گەیشتن بە دەسەڵات لە دەوڵەتی داهاتوودا پێك بهێنرێت. لە بەشێك لە حکوومەتەکاندا لەبەر کێبەرکێ ناتەندروستەکانی دەوڵەتی فەرمی و دەوڵەتی سێبەر، دامەزراوەی هاوتەریب ناتوانێ ئازادانە چالاکی بکا، هەر بۆیە دەستەواژەی دەوڵەتی سێبەر یان دەوڵەتی مافیاییش بۆ ئەم دامەزراوە هاوتەریبە بەکار دەبردرێ. بەڵام لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، وڵاتانی خاوەن سیستمی یەك حیزبی و سیتمە دیکتاتۆرەکان، دەوڵەتی سێبەر لە ڕاستیدا تەواوکەری دەوڵەتی فەرمی و پشتیوانی سەرەکی چالاکییە هەرەمەکییەکانی دەسەڵاتدارانە. لەبەر ئەوەیکە لەم سیستمانەدا هەلی کێبەرکێی تەندروست و یان هاوکاری حیزبەکان بوونی نییە و دەوڵەتیش لە بەرامبەر داواکاری خەڵك وەڵامدەر نییە. بوودجەی دەوڵەتی سێبەر لە ڕێگەی سات و سەودا درۆیینەکان لەگەڵ دەوڵەتی فەرمی و یان پڕۆژە ڕەمەکییەکانەوە دابین دەبێ.

هاوکات لەگەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەوڵەتی سێبەریش لەم وڵاتە بیچمی گرت. خومەینی لە کردەوەیەکی لەناکاودا هەموو حیزبە سیاسییەکانی هەڵوەشاوە ڕاگەیاند و لە باتی ئەوان دەوڵەتی ئیسلامیی بێ حیزب، بێجگە لە حیزبی کۆماری ئیسلامی و ئەوەیش لە بڕگەیەکی دەستنیشانکراو کردە تەنیا دامەزراوەی فەرمی لە ئێراندا. هەرچەند خومەینی پێش لە ڕاگەیاندنی سیستمی کۆماری ئیسلامیی هەر جۆرە دەستێوەردانی ئاخوندەکانی لە کاروباری ئیداری و سیاسی بە پێچەوانەی ئامانجە دینی و ئیسلامییەکانی خۆی دەزانی، بەڵام بە ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی و لابردنی کەسانێك وەك بازەرگان و بەنی سەدر و هەڵوەشاوە ڕاگەیاندنی چالاکییەکانی حیزبە غەیرە ئایینییەکان، بە فەرمی فەرمانی حکوومەتی بەدەستەوە گرت. ئەو هەر بەمەیشەوە نەوەستاو و بەڕێوەبەری کاروبارەکانی سپاردە هاوفیکرەکانی خۆی، تاکوو خۆی لە لووتکەی حکوومەت، وەك فەرماندەی گشتیی هێزەکان و هەمە کارەی وڵات بمێنێتەوە. بە سەرنجدان بە ناسەقامگیریەك کە لە دوای شۆڕش هاتبووە پێش، ئاخوندەکان لە دەیەی یەکەم نەیانتوانی بە شێوەی بەربڵاو هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا بخەنە ژێر کاریگەرییەوە و کونترۆڵیان بکەن. بەڵام ڕوودانی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق بووە هۆی سەقامگیربوونی حکوومەتی ئاخوندەکان. لەبەر ئەوەی ئاخوندەکان توانییان دینی ئیسلام و ئایینی شێعە بکەنە کەرەستەیەکی بەهێز بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان و بەم کەرەستە سەدان هەزار لاو بەرەو بەرەکانی شەڕ بەرێ بکەن و یان بۆ ئامانجەکانی دیکەی خۆیان



بەکاریان بێنن. پێکهاتنی هێزەکانی سوپا و بەسیج گرینگترین هەنگاوی ڕێژیم لەم بوارەدا بوو. لەو ڕۆژەوە شۆڕشی خەڵکیی و حکومەتێکی فەرمی کە دەبوا بە هۆی شۆڕشەوە بەهاتبایەتە سەرکار، بەشێوەی فەرمی چووە سێبەرەوە.

بە کۆتایی هاتنی شەڕ و هاتنە سەرکاری دەوڵەتی هاشمی ڕەفسەنجانی وەك دەوڵەتی سازندەگی، کەسانێك کە خۆیان بە خاوەنی سەرەکیی شۆڕش دەزانی لە تەنیشت کاری سیاسی، بە بیانووی هەرچی زۆرتری پەرەپێدان بە فەرهەنگی سیاسیی ڕێژیم، بەڵام لە بنەڕەتدا لەبەر مەبەستی دەسەڵاتی ئابووری، فەرهەنگی و سەربازی هاتنە مەیدانەوە. ئەم کەسانە بە دامەزراندنی دامەزراوە هاوتەریبەکان لە ماوەیەکی کورتدا بوونە زەبەلاحە ئابووری و سەربازییەکان و لە کردەوەدا کونترۆڵی هەموو کاروبارەکانی وڵاتیان بەدەستەوە گرت. لە ماوەی هەشت ساڵ حکومەتدارێدا، دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری وڵات چووە ژێر ڕکێفی تەواوی ئەوانەوە و ڕکابەرەکان و شوێندانەرانی کۆمەڵایەتی سەرکوت و وەلانران.

خەڵك کە لە شێوەی حکوومەتداری، سەرکوت، کپکردن وەزاڵە هاتبوون ئەم جارە بە هیوای کە مێك ئازادی پەنایان بۆ دەوڵەتی خاتەمی بڕد کە بانگەشەی ڕیفۆرمی دەکرد. ئەم دەوڵەتە بە جۆرێك هاوشێوەی سەردەمی سازەندەگییە. بەو مانایە کە سەردەمی بە ناو سازەندەگی زۆرتر ئاراستە و لێڕوانینێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبوو، هەر چەند سەردەمی خاتەمی زۆرتر لێڕوانینێکی سیاسی و فەرهەنگی گرتبووە پێش. بەڵام شێوازەکان تا ڕادەیەك یەکسان بوون لە بەرئەوەی لە هەر دوو سەردەمدا، تەنیا ئامانج قورۆغکردنی دەسەڵات لە ڕێگەی دامەزراوە هاوتەریبەکان لە بەرنامەی کاردا بووە. ڕیفۆرمیستەکان بە دەربڕینی ئەوەی کە ئێران لە بواری سیاسی و فەرهەنگی لە نێوخۆدا خەساری بەرکەوتووە، سیاسەتەکانی دەوڵەت، خەڵکی لە دەوڵەت دوورکردبووە و لە دەرەوەی وڵات تەریك کەتبووەوە. بەدانی بەڵێنگەلێك کە هیچکات نەیانتوانی ئەوانە جێبەجێ بکەن، توانییان ڕکابەرەکانی خۆیان شکست بدەن و جڵەوی حکوومەت بەدەستەوە بگرن، بێ ئەوەی کە بتوانن دامەزراوە هاوتەریبەکان کونترۆڵ بکەن.

لە بنەڕەتدا بەشێك لە بەربژێرەکانی بەرەی دووی جۆزەردان گرفتی سەرەکیی خەڵکیان لە نەبوونی دێموکراسی و لاوازی کۆمەڵگەی مەدەنی دەزانی بەڵام ئەوان هەرگیز نەیانتوانی لەگەڵ دامەزراوە هاوتەریبەکان ڕکابەری بکەن یان دەسەڵاتی ئەوان بە پێکۆڵدا بکێشن. هەربۆیە کارکردی ئەم دەوڵەت لە فەزای داخراوی کۆماری ئیسلامیدا، بێ ئەوەی دەسکەوتێکی بۆ هێنانەبەرباسی پرسەکە یان پێکهێنانی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەبێ، بووە هۆی بیچمگرتنی ڕووداوگەلێك وەك کووی زانکۆ، تیرۆری سەعید حەجاریان و ... . هەروەها زۆرترین بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتییش هەر لەم دەڵەتەدا ئەنجام درا، لەبەر ئەوەیکە لە کۆمەڵگایەکدا کە هیچ جۆرە لێکچوونێك لەگەڵ گەلاڵەی مافی مرۆڤ نییە، باسکردن لە لاوازی کۆمەڵگای مەدەنی و نەبوونی دێموکراسی، دەسکەوتێکی لەمە زیاتری نابێ.

ئەحمەدی نیژاد بە دروشمی «ئوسوولگەرایی دادپەروەر تەوەر» هاتە مەیدانەوە. ئەم سەردەمە ڕەنگە بکرێ بە پرچەکردار و زایڵەیەك بزانین لە هەمبەر خولەکانی ڕابردوودا. لە بەر ئەوەیکە لە بەدەنەی سەرەکیی حکوومەتی ئاخوندیدا ئەم ڕوانگەیە هاتبووە پێش کە دەوڵەتی فەرمی لە چوارچێوەی سەرەکیی شۆڕش لای داوە و تووشی بەلارێداچوون بووە. هەر بەم هۆیە دەسەڵاتداران دەبوایەت لە لێڕوانینی دەوڵەتەکانی ڕابردوودا پێداچوونەوە و پاکسازی بکەن. ئەم بیرکردنەوە بووە هۆی ئەوەیکە دەوڵەت بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕش واتە بە سەردەمێك لانیکەم ٢٠ ساڵ لەوەپێش. بۆ ئەم کارە ئەحمەدی نژاد مۆرەیەکی گونجاو بوو. ئەم خولە بە دوو کەرەستەی بنەڕەتی دەستی بەکار کرد: یەکەم توندترکردنی هەستی نادادپەروەری و هەڵاواردنێك کە لە سەردەمی ئاوەدانکردنەوە دەستی پێکردبوو و ڕەگی لە پرسە ئابوورییەکاندا کوتابوو و دووهەم ئەوەیکە خۆڕاگری دەوڵەت لە سەر «سەربەخۆیی سیاسی» کە بە هاتنە سەرکاری دەوڵەتی خاتەمی تووشی گومان ببوو، بەتایبەت کاتێك کە باسی دۆسیەی ناوکی هاتە پێشێ ئەم هەستە لە نێو ئاخوندەکان دروست بوو کە دەوڵەت نابێ پاشەکشێ بکات و ئەمە بۆ خامنەیی قەبووڵکردنی مەحاڵ بوو، لەبەر ئەوەیکە ئاخوندەکان لە هەمبەر ئامانجە بنەڕەتییەکانی شۆڕش کە لە نێوبردنی ئیسراییل و خەبات لە دژی ڕۆژئاوا بوو، هەستیار بوون و گەیشتن بەم ئامانجگەلەیان: سەربەخۆیی، ئازادی و کۆماری ئیسلامییان لە دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی دەبینیەوە. پێداویستی ئەم کارەیش بەهێزکردنی دامەزراوە هاوتەریبەکانە.

هەرکام لە دەوڵەتە فەرمییەکان لە ئێراندا بەو ناوگەلەی کە بەکورتی هێمامان بۆکرد توانیان بە فێڵی تایبەت بە خۆیان خەڵك فریو بدەن و پاوانخوازیی هاوتەریب لە بواری سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی زۆرتر بکەن. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە ئەم دەوڵەتانە چ پێوەندیەکیان لەگەڵ دەوڵەتی سێبەر هەبووە و هەیانە؟ بە ڕاگەیاندنی حیزبی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك تەنیا حیزبی فەرمی لە لایەن خومەینیەوە، پەسەندکرانی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی و هەڵبژاردنی ئایینی شێعە وەك ئایینی فەرمی لە ئێراندا هەموو درگاکان لە ڕووی نوێ ئەندێشان، حیزبەکان و دامەزراوەکانی دیکە داخرا. هەربۆیە کەسێك نەیدەتوانی لە دەرەوەی چوارچێوەی سیستمی دەسەڵاتدار چالاکییەك بکا. بە سەرنجدان بە نەبوونی فەزای ئازادی هەڵبژاردن و سیاسی و نەبوونی هەلومەرجی کێبەرکێی تەندروست، بە ناچار هەموو ئەو کەسانەی کە بیریان لە گێڕانی ڕۆڵ لە بەستێنەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکردەوە و دەیکەن، ناچارن لە هەر بوارێکدا بەستراوە بە سیستمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بن و دەبێ و بۆ متمانە وەرگرتن لە ڕێگەی فیلتێری دامەزراوە چاوەدێرەکانەوە تێپەڕ ببن. پێداویستی ئەم کارەیش پێوەندی چڕوپڕە لەگەڵ دەوڵەتی سێبەر و دامەزراوە هاوتەریبەکان. لە ئاکامدا هەموو دەوڵەتەکان و کاربەدەستانی دەوڵەت، لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیم تا دوایین دەوڵەتی دانراو کە دەوڵەتی یازدەهەم بە سەرپەرەشتی حەسەن ڕۆحانییە، هەموویان پەیڕەوی یەك ئەسڵ، خاوەن یەك ئامانج و بەرنامە و بەشێوەی هاوبەش بەستراوە بە دەسەڵاتی دامەزراوە هاوتەریبەکانن.

لەمڕووەوە سەرەڕای دروشمە هەڵخلەتێنەکان، هەموو دەوڵەتەکانی بەناو فەرمی، بە کردەوە لە ڕێگەی بەهێزکردنی بناغەکانی دەوڵەتی سێبەر هەنگاویان هەڵێناوە. بە گەورەبوونی دەوڵەتی سێبەر یان بە واتایەکی دیکە دەوڵەتەکانی سێبەر، دەوڵەت بە شێوەی فەرمی و یاسایی کز و لاوازتر بوویەوە و لە کۆتاییدا ئەنجامدانی کاروباری وڵات لە ڕێگاکانی دیکەوە ئەنجام دەدرێ، چوونکە جیا لە کارتێکەری و کاریگەری هەمە لایەنەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی و سەربازانی بێ ناونیشان و بەسیجی ئەو، هەر کام لە دەوڵەتەکانی پێشوو بە سەرپەرستی ڕەفسەنجانی، خاتەمی و ئەحمەدی نیژاد بە شێوەیەك لەگەڵ دەوڵەتی سێبەر تێکەڵاو بوون و لە ڕێگەی کارتێکەریان لە سەر کاربەدەستانی وەزارەتخانەکان و ئۆرگانەکانی دیکەی سیاسی و ئیداری ناکارامەی دەوڵەتی سێبەر یان دەوڵەتی سەرەکیان دووقات کردووەتەوە.

لە بنەڕەتیشدا ئەم دەوڵەتانە تەنیا بەڕێوەبەری بڕیارەکانی دەوڵەتی سێبەر بوون کە لە سەرەتای دامەزرانی ئەم ڕێژیمە لە ئێراندا حوکمڕانی دەکا. شوێن پێی حکوومەتی سێبەر تا ئەو شوێنە زەق و هەست پێکراو بووە کە لە هەر سێ دەوڵەتی ڕابردوودا، سەر کۆمارەکان هەر کامیان بە شێوەیەك بێزاری خۆیان دەربڕیوە کە بەڕێوەبەری کاروبارەکان لە دەستی ئەواندا نییە، بۆ وێنە ئەحمەدی نیژاد باسی لە بوونی دەوڵەتێکی قاچاخچی لە هەناوی دەوڵەتدا دەکرد. چوونە دەرەوەی کاروانێکی زێڕ بە بەهای ١٨ میلیارد دۆلار لە ڕێگەی سنووری زەوینی تورکیە و ماوەیەك پێش پرسی ٢٢ میلیارد دۆلاری ڕەحیمی تەنیا گۆشەیەك لە ئەم قاچاخچیەتییە نیشان دەدا. خاتەمی دەیگوت من تەنیا « تفاق ڕێکخەری» ئەم دەوڵەتەم و لەم دواییانەدا ڕووحانی بە ڕەخنەیەکی توند لە دەزگای دەوڵەتی لە ڕۆژنامە، سازمانی دەنگ و ڕەنگ و دەسەڵاتی ئابووری کە هەموویان لە یەك شوێن و لە خزمەت سوپای پاسدارانە، بەشێك لەم دامەزراوانەی بە گەندەڵی خولقێن شوبهاند. هەموو ئەم ڕووداوانە نیشان لە بوونی دەوڵەتێکی سێبەری جێکەوتوو و زۆر کارتێکەر لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

لە کۆتاییدا، لە ئەگەری دانەڕمانی شێوەدەوڵەتەکان و نەبوونی بەستێنی دامەزراندنی حیزبەکان، سروشتییە کە دەوڵەت چییەتی سەرەکیی خۆی لە دەست بدا و لە ڕێگەی سەرەکیی خۆی لابدا. تا ئەو شوێنەی کە لە باتی ئەو، گرووپە خاوەن دەسەڵات و بەرژەوەندییەکان و گرووپەکانی گوشار لە کاروباری دەوڵەتی و سیستمی یاسایی دەستێوەردان دەکەن و دەبنە بەربەست لە ڕێگەی بەرەوپێشچوونی کاروبارەکان لە کاناڵی سەرەکیی خۆیانەوە.






# یاشار کەماڵ، لە چیرۆک گێڕانەوە هەتا ڕۆمان نووسی

جەماڵ فەتحی

یاشار کەماڵ لە ساڵی ١٩٢٣ی زایینی لە گوندی «هەمیتە» سەر بە پارێزگای عوسمانییەی باکووری کوردستان لە دایک بوو. یاشار کە نێوی ئەسڵیی «کەماڵ سادق گوکچلی»یە لە سەردەمی منداڵیدا باوکی لە کاتی نوێژ خوێندن لە مزگەوت بە هۆی شەڕی عەشیرەیی لە پێش چاوی دەکوژرێت و خۆیشی چاوێکی لەدەست دەدات بۆیە ئەم سەردەمە بە هەژاری و چەرمەسەری تێدەپەڕێنێت، ئەم نووسەرە بە ناو بانگە لە سەرەتادا گوند بە گوند دەگەڕا و بابەتە فەرهەنگییە فولکلۆرییەکانی کۆ دەکردەوە و وەکوو چیرۆک بێژێک ئەم داستانە کۆنانەی دەگێڕاوە. لە یەکێک لە لێداونەکانیدا دەڵێت: (من هۆگری هونەر و شێعرم، لەو کاتەوە کە سەرقاڵی هونەرم، هەوڵم داوە کە بە باشترین شێوە بە ئەنجامی بگەێنم، بۆیە پێش ئەوەی کە دەست بکەم بە نووسین گوند بە گوند دەگەڕام و فەرهەنگە خۆجێییەکانی نێو خەڵکم کۆ دەکردەوە و هۆگربوونم بەم کارە کۆسپەکانی سەر ڕێگامی ئاسان دەکردەوە).

لە ساڵی ١٩٤٧ لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی (چیرۆکی پۆخڵ) دەنووسێت و بەمجۆرە روو دەکاتە ئەدەبیاتی نووسراوەیی، یاشار کەماڵ کە نووسەرێکی رئالیست بوو شوێن کەوتووی نووسەران «سروانتس»، «چخوفی رووسی» و لەم دوایانەدا «ئەستاندل» بوو و بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی نووسراوەکانی رەنگ و بۆنی مەکتەبی رئالیستییان پێوە دیارە بە هۆمرییان شوبهاندووە. نووسراوەکانی هەرچەندە لە شوێنێکی دیاریکراو و بەرتەسك هەڵقوڵاوە بەڵام پێکهاتە و نێوەرۆکێکی جیهانیان هەیە، وەکوو رومانی ئینجە مەمەد کە بە زیاتر لە ٢٠ زمان وەرگێڕاوە و چەندین فیلمی لە سەر ساز کراوە.

یاشار کەماڵ کە خۆی لە چێنی هەژار و چەوساوەی کۆمەڵگا بوو و باوڕی بە یەکسانیی مرۆڤەکان هەبوو دەچێتە نێو حیزبی کرێکارانی تورکیە و لە ساڵی ١٩٦٣ی زایینی دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ئەم حیزبە و هەمیشە دژ بە سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیە لە هەمبەر نەتەوەی کورد بووە تەنانەت کاتێک کە ساڵی ٢٠٠٨ ئەم وڵاتە دەیەوێت خەڵاتی فەرهەنگیی پێ ببەخشێت بە هۆی ئەوەی کە تورکیە بە یەکێک لە پێ شێلکەرانی ماڤی نەتەوەی کورد دەناسێت، ئامادە نەبوو کە ئەو خەڵاتە وەربگرێت. لەساڵی ١٩٧٣ی زایینی براوی خەڵاتی ئەدەبی نۆبێل بوو، لە ساڵی ١٩٩٧ خەڵاتی گرنگی داگرمەن و خەڵاتی ئاشتی ( کتێب فرۆشەکان و بڵاوکەرەوەکانی ئاڵمان) پێ بەخشرا.

لە ساڵی ١٩٥٥ی زایینی لە گۆڤاری ئیشپیگل بە هۆی وتووێژێک کە لە سەر سیاسەتەکانی تورکیە کردبووی بە تاوانی «بانگەشەی جیایی خوازی» بە ٥ ساڵ زیندانی هەڵپەسێندراو مەحکووم دەکرێت. جاروبار لە رۆژنامەکانی تورکیە هەواڵگەلێکی کۆمەڵایەتی هەژێنەری دەنووسی. هەرچەندە ئەم نووسەرە شارەزای ئەدەبیاتی ئوروپا بوو بەڵام بە مێژووی بنەماڵەکەی و ناوچەکەی خۆیان(چوکوروا) ئەمەگدار مایەوە و لە چوارچێوەی رۆمانە ئەمڕۆییەکانی، ئەدەبیاتی خەڵکی ئاسایی و فولکلۆری تورکیە گەشەی سەند و ئەدەبیاتی کۆنی تورکیە بە هۆی یاشارەوە پاڵاوتە کرا. لە نووسینەکانی دژ بە هەر جۆرە هەڵاواردن و رەگەزپەرەستییەک راوەستاوە و لە چیرۆکە کورت و درێژەکانی هەمیشە لە نێوان خێر و شەڕ ململانیی دەبینرێت، نووسینەکانی پەرەپێدەری فەرهەنگ، زانیاری، بەرهەمهێنان و دادپەروەریی لە کۆمەڵگای خۆی بوو و لە بەستێنی بەربڵاوی هونەرو ئەدەبیاتی ئەمڕۆی جیهان بزاڤێکی نوێی رێ خستووە.

بەرهەمەکانی یاشار کەماڵ:

١- ئینجە مەمەد (بەناوبانگترین رۆمانی یاشارە کە بە زیاترلە ٢٠ زمان وەرگێڕاوە) ٢-چیرۆکی پۆخڵ (یەکەمین چیرۆکی چاپکراوەی) ٣- گەرمای زەرد (کۆمەڵە چیرۆکە کۆرتەکانی) ٤-قسەکانی جەزیرە کە سێ کتێبە (کەڵەشێر خوێن — بڕوانە فورات خوێناوییە- ئاو خواردنی مێرولە) ٥- رومانی جێ‌نوون (yatak) ٦- پەلەوەرێک بە یەک باڵەوە ٧- رۆمانی دوو بەرگی (ئاغاواتەکانی ئاقچاسار) ٨- پەلەوەرەکانیش کۆچیان کرد (داستانێکی سەمبوولیکە) ٩- سەد چیرۆکی خۆش، مێژووی رۆمی کۆن (بۆ منداڵان)

## ئاوێزە



● جەلال مەلەکشا

جەلال مەلەکشا (١٩٥١- ) شاعیرێکی بەناوبانگی کوردە. سالی ١٣٣٠ ك.ه لە گوندی مەلەکشا سەربە شاری سنە هاتوەتە دونیاو. هەر لە شاری سنە خویندوویەتی و پەروەردە کراوە. لە منداڵییەوە هۆگری شیعر و نووسین بووە.

جەلال وەکوو مرۆڤێکی ئاشتیخواز نەیتوانی لە هەمبەر زوڵم و زۆردا چاو بنووقێنی و ئەسپی قەڵەمی لە مەیدانی خەبات دژ بە زوڵمدا تاو داوە و لە سۆنگەی ئەم گەرناسییەوە تووشی دەردیسەر و ئازاری زیندانی زۆر بووە.

لە سەرەتاوە بە فارسی شیعر و پەخشان و چیرۆکی دەنووسی و لەبەر هێز و پێزی لە نووسیندا بە بێ ئەوەی کتێبی چاپکراوەی ببێ، دەبێتە ئەندامی «کانوونی نووسەرانی ئێران».

پاش ساڵی ١٣٥٧ ك.ه لەغاوی قەڵەمی دەگێڕێتەوە بۆ نێو زمانی کوردی و لە کوردیشدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی دەبێ. بۆ ماوەی ١٤ ساڵ وەکوو نووسەر و ڕۆژنامەوان دەبێتە ئەندامی گۆڤاری سروە و بە ئەمەکدارییەوە پەرە بە زمان و ئەدەبی کوردی ئەدات.

شیعرەکانی جەلال تا ئێستا بە زمانەکانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی، لیبیایی، سوێدی و... وەرگێڕدراون.

جەلال ئێستا لە شاری سنە نیشتەجێیە و هەرچەند کەوتوەتە بەر بۆ بەزەیی چارەنووس، بەڵام بێ گومان جەلال لەو نووسەرە دەگمەنانەیە کە قەد قەڵەمی نەبردوەتە قوربانگای نان و ناو و دەسەڵات. دوو شیعری «هەتا لووتکە چەندی ماوە؟» «داستانی دارە پیرە» لە شیعرە بە ناوبانگەکانی جەلالن کە لە کتێبەکەی زڕەی زەنجیری وشە دیلەکان چاپ کراون.

# بڵاوکراوەی نوێ







بە پێی راپۆرتی ماڵپەڕی خوێندکاران، کۆمیتەی چاپەمەنی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەرتووکی "وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامی ئێران"ی چاپ و بڵاو کردەوەو.

ئەم پەرتووکە لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی فێدراڵی کتێبخانەی کۆنگرێسی ئامریکا لە ساڵی ٢٠١٢ بە زمانی ئینگلیزی ئامادە کراوە کە لە لایەن «کەیهان یوسفی» سکرتێری یەکیەتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی سۆرانی.

ئەم پەرتووکە باس لە قەبارە و ستراکتۆری وەزارەتی ئیتلاعات، ئۆپراسیۆنەکانی ئەم وەزارەتە، مێژوو، تیرۆری دژبەران، دزە لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی رێژیمی ئێران، بەرپەرچدانەوەی هێرشی ئاژانسە بیانیەکان و .... دەکات.

ئەم پەرتووکە هەنووکە لە بنکەی یەکیەتیی خوێندکاران دەست دەکەوێت.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 647 ▪ 19 Feb 2015

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


## خەوتن لەم کاتەدا زیانی هەیە



یەکێك لەو هەڵە باوانەی هەندێك کەس بەردەوام دوبارەی دەکەنەوە خەوتنە دوای نان خواردن، بەتایبەتی لەدوای خواردنی ژەمێکی چەور، کۆمەڵێك کاریگەری دەبێت لەسەر تەندروستی دڵ.

پزیشکەکان ئەوەیان ڕوون کردووەتەوە کە خەوتن لەدوای نان خواردن دەبێتە هۆی قورسکردنی کرداری هەرسکردنی خۆراکی نێو گەدە و زیادبوونی کێش و زیاد بوونی لینجیی خوێن کە ڕەنگە ببێتە هۆی تووشبوون بەجەڵتەی دڵ بەتایبەتی کاتێك ئەم نەخۆشیە درێژماوە بێت.

لەگەڵ ئەمانەشدا پزیشکەکان پێیان وایە هەندێك نیشانەی نەخۆشیەکانی دڵ لەسەر ئەو کەسانە کە ڕاستەوخۆ دوای نان خواردن دەخەون دەردەکەوێت وەك «هەست بەئازارێکی زۆر دەکەن لە سنگیاندا و توانای هەناسەدانیان باش نابێت و تووشی دڵەکوتێ دەبن».

نابێت لەدوای نان خواردن ڕاستەوخۆ بخەون و پێویستە لانی کەم ماوەی سێ سەعات پێش ئەوەی بخەون نان بخورێت.

## جۆرێکی نوێی ڤیرووسی ئیدز دروستبووە

ئیدز ،نەخۆشی نەمانی بەرگری جەستەی مرۆڤ, یەکێکە لەنەخۆشیە ترسناکەکان کە دەبێتە هۆی مردنی مرۆڤ لەم دواییانەدا لە کوبا جۆرێکی ترسناکی ئەم ڤیرووسە دەرکەوتوە کە چەندجار زیاتر و خێراتر گەشە دەکات لەنێو جەستەی مرۆڤدا بێ ئەوەی کەسی تووشبوو ئاگاداربێت لەتووشبوونی بەم نەخۆشیە ترسناکە و لەماوەی سێ ساڵدا کەسی تووشبوو دەکوژێت.

ڤیرووسی ئیدز (نەمانی بەرگری جەستە) بە شێوەی باو CCR٥ـە، بەڵام ئەم جۆرە نوێیەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە و بووە بە CXCR٤ کە زۆر خێراتر توانای بڵاو بونەوەی هەیە لەجەستەی مرۆڤدا و زۆر خێراتر مرۆڤ دەکوژێت.

لەئێستاشدا پزیشکەکان سەرقاڵی گەڕانن بەدوای ئەو هۆکارانەی کە بۆتە هۆی گۆڕانی شێوەی ئەم ڤیرووسە بکوژە و پێیان وایە زیاد بونی ڕێژەی پەیوەندییە سێکسییەکان لەدەرەوەی بازنەی خێزان هۆکارێکە بۆ گۆڕانی شێوەی ئەم ڤیرووسە.




## ڤیرووسێکی ئەمریکی جیهان کۆنترۆڵ دەکات

لێکۆڵەرەوەکانی تەناهیی کۆمپیوتەر، جۆرە مالوێرێکی نوێیان دۆزیوەتەوە کە بە نهێنی لەنێو هارد دیسکی کۆمپیوتەرەکاندا خۆی حەشار دەدات.

تیمی لێکۆڵینەوەی مەلوێر لە کۆمپانیای کاسپەر سکای لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاند، کە دامەزراوەیەکی هەواڵگری بۆ ماوەی ٢٥ - ٣٠ ساڵە بە نهێنی دەستی بەسەر کۆمپانیا گەورەکانی دروستکردنی هارد دیسکدا گرتووە.

وەك لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، دامەزراوەکە ڕۆژانە دەیان هەزار مالوێر لەنێو هارد دیسکەکاندا دەچێنێت. کۆمپانیاکانی «سێستێرن دیجیتاڵ» و «تۆشیبا» و «سیڤیت» لە پێشەنگی ئەو کۆمپانیایانەن کە هارد دیسک بەرهەم دەهێنن.

کاسپەر سکای لاب ئەوەشی ڕاگەیاندووە، کە ئەم مالوێرە کۆمەڵێک وڵاتی بە شێوەیەکی چڕ کردوونەتە ئامانج، لەوانە « ئێران، ڕووسیا، پاکستان، چین، سووریا، یەمەن و جەزائیر» و زیاتر چاودێریی خستووەتە سەر دامەزراوە سەربازیی و هەواڵگرییەکان بە تایبەت دامەزراوە سەربازیی و ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

کاسپەر سکای سەرەڕای ئەوەی هەواڵەکەی ڕاگەیەند، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو ناوی ئەو وڵاتە و ناوی ئەو دامەزراوە هەواڵگرییە ئاشکرا بکات کە لەپشت ئەم کارەوەن، بەڵام لە ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بە ڤیرووسێکی ئەمریکی ناسراوە.



## پیازی بێ بۆن بەرهەمدەهێنرێت

لەئێستادا کۆمەڵەی جوتیارانی بریتانیا ئامادەن بۆ ئەوەی جۆرێکی نوێی پیاز بخەنە بازاڕەکانی ئەو وڵاتەوە، ئەم جۆرە نوێیەی پیاز لەکاتی لەتکردندا ئاو لەچاو ناهێنێتە خوارەوە و نابێتە هۆکاری ناخۆشکردنی بۆنی دەم لەکاتی خواردنیدا.

بۆ بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە نوێیەی پیاز, نزیکەی ٢٠ ساڵە کۆمەڵێک لەجوتیارانی ئەو وڵاتە کاری لەسەر دەکەن، ڕەنگی ئەم پیازە سورە و تامی تیژ نیە و بە ڕێژەیەکی زۆر کەم لەچاو پیازی ئاسایی بۆنی دەم ناخۆش دەکات.



### زایەڵە

## بۆچەکی شکستی ناوکی

**فاتیح ساڵحی**

دانووستانە ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕۆژئاوا پاش زیاتر لە ١١ ساڵ خەریکە لە قۆناغێکی گرینگ نزیك دەبێتەوە کە هەر لە ئێستاوە بە پێی لێداوانی گەورە بەرپرسانی ئێرانی و ڕۆژئاوایی، بۆچەکی شکستی ئەو دانووستانانە هەستاوە. بە تایبەت پاش لێدوانەکانی خامنەیی کە بە ئاشکرا باسی ئەوەی کردبوو، ئەگەر لە دانووستانە ناوکییەکانیشدا لەگەڵ ڕۆژئاوا بە ڕێککەوتن بگەین، دیسان گەمارۆکانی سەر ئێران هەڵناگیرێن.

ڕەنگە ئەمە قسەیەکی نوێ نەبێت. بەڵام هاتنە ئارای وەها قسەگەلێ لە زاری ڕێبەری ڕێژیم ئەویش لەم کاتە هەستیارەدا کە جیددیترین ئۆلتیماتۆمی ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئەمریکا بەرەو کۆتایی دەڕوات پیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە خامنەی لە کردەوە دیپلۆماتیکەکانی کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕازیی نییە و بە ئاشکرا بە حەسەن ڕووحانی ڕادەگەیەنێ کە نەیتوانی لە ڕێگەی دانووستاندنەوە کۆتایی بە گەمارۆکانی سەر ئێران بێنێ. بە تایبەت ڕێك لە کاتێکدا کە یەکیەتی ئۆرووپا دیسان کۆمەڵی کۆمپانیا و لە هەموویان گرینگتر شرکەتی میللی هەناردە کردنی نەوتی ئێرانی دیسان خستەوە نێو لیستەی گەمارۆکانی خۆیەوە.

یەکێکی دیکە لە نیشانەکانی شکستی ئەم خولەش لە دانووستانەکان ئەم بابەتەیە کە لە ڕوانگەی خامنەییەوە ئەم دانووستانانە یەك لایەنە بووە و لایەنی ڕۆژئاوایی و بە تایبەتی ئەمریکا هەرچیەکیان پێ خۆش بووە سەپاندوویانە بەسەر دانووستاندنەکاندا و مافەکانی کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا پێشێل کراوە. بۆیە چیدیکە ئامادە نیین لەسەر وەعدی پێشووی خۆیان لەمەڕ دوو قۆناغی بوونی دانووستانەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی کۆتایی بوەستن و هەر لە ئێستاوە باس لەوە دەکەن کە دوو قۆناغی بوونی ئەم دانووستانانە دەستی لایەنی ڕۆژئاوایی ئاوەڵا دەکات بۆ ئەوەیکە هەر چۆنێك پێی خۆش بێ لەگەڵ ئێراندا سەودا بکات. بە تایبەت پاش ئەوەیکە لە ئەگەری گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی سیاسی لە قۆناغی یەکەمدا، لە باری یاساییەوە ئەو دەرفەتە دەدرێت بە لایەنی ڕۆژئاوایی کە شرۆڤە و ڕاڤەی خۆی بسەپێنێ بەسەر لایەنی ئێرانیدا و بەمشێوە دەستی ئێران بۆ هەر چەشنە جموجۆڵێك زیاتر لە جاران دەبەسترێت.

بۆیە لەوەها حاڵەتێکدا کۆماری ئیسلامی دوو ڕێگەی زیاتری لەبەردەم نییە. یەکەم ئەوەیکە لەگەڵ ڕۆژئاوا لەسەر دۆسیەی ناوکییەکەی ڕێکبکەوێ و کۆتایی بەم کێشە سەرەکییەی ڕێژیم بێنێ. هەڵبەت بەپێی گوتەی کاربەدەستانی ڕێژیم ئەمە هەڕەشەیە و ئەگەر ڕێککەوتنەکە بە پێی دەقی نووسراوی لایەنی ڕۆژئاوایی بێت، نەتەنیا هیچ قازانجێکی بۆ ئێران نییە بەڵکوو تەناهی نەتەوەیی ئێران تووشی پێکۆڵ و مەترسیی جیددی دەکات. دووهەم ئەوەیکە ئێران مێزی دانووستانەکان بەجێ بێڵێ و پاش چەندین مانگ لاساری و کۆمەڵێ جموجۆڵی ڕاگەیەنیی دیسان لە بڕگەیەکی دیکەدا بگەڕێتەوە بۆ سەر مێزی دانووستانەکان و بەم شێوەیەش ماوەیەکی دیکە گاڵتە بە لایەنی بەرامبەری بکات و سەر لە نوێ دانووستانەکان بۆ ماوەی یەك دوو ساڵی دیکە درێژ بکاتەوە. کە هەڵبەتە ئەمە سێناریۆیەکی باش نییە بۆ ئاسایشی نێونەتەوەیی.